**لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:**

- لە ڕەمەزاندا کردنەوەی مزگەوتەکان لادانە لە ڕێنماییەکان........ل3
- لە بەردەوامی هێرش بۆ سەر ئازادییەکان...سێ کەناڵ داخران.....ل3
- کۆرۆنا ڤایرۆس قوتابخانەکان دادەخات و مزگەوتەکان دەکاتەوە.ل3



# بۆپێشەوە


FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی پێنجەم ژمارە(96) بەرواری 15-4-2021 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


# دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد بەرپرسە لەدابینکردنی موچە لەکاتی خۆیدا و زیادکردن و قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران!



## لە بیست و سێ هەمین ساڵیادی تیرۆری هاوڕێیان شاپور عەبدولقادر و قابیل عادلدا



## وتەی ژمارە

لەساڵی ٢٠١٥ وە تا ئێستا موچەخۆرانی کوردستان، موچەکانیان لێ دەبردرێت، یان مانگەکان درێژ دەکرێنەوە، ئەمەش وای کردووە ئاستی هەژاری بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد بکات.

پاساوی لێبرینی موچەو کەم کردنەوەی تا رادەی نیوە موچە و چارەکە موچە لەژێر ناوی پاشەکەوتی موچەدا لەساڵی ٢٠١٥ وە تاساڵی ٢٠١٩، بونی شەری داعش، ئاوارەیی زۆر، دابەزینی نرخی نەوت، مامەڵەی بەغدا و راگرتنی شایستە داراییەکای هەرێم بوو. لە ساڵی ٢٠١٩ بەدواوە جارێکی تر دواخستنی موچە ودابەشکردنی بە لێبڕینەوە تا ئێستا، پاساوەکەی پابەند نەبوونی بەغدا، دابەزینی نرخی نەوت و کۆرۆنا ڤایرۆس بوو... لەهەموو ئەو ماوەیەدا کە زیاتر لە ٦ ساڵە... دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆ یەک جاریش مامەڵەی مافیایی خۆیان، پابەندنەبوونی خۆیان بە ڕیکەوتنەکانیان لەگەڵ بەغدا، دزی و تاڵانی ئاشکرا، بردنی بەشی زۆری داهاتی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانی خۆیانەوە،

**بۆ لاپەڕە 2**

## لەهەر جێگایەك ستەم و خەبات هەبوو، ئەوان لەوێ بوون!....ل2



## ئەزمونێکی شیرینی کۆمۆنیستی و کرێکاری! لە یادی شاپور عبدالقادر و قابیل عادلدا

**نووسینی: ئیبراهیم حسێن**

٢٣ ساڵ لەمەوبەر، لە پیلان و نەخشەیەکی هاوبەشی ئاشکرادا ئیسلامیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەستیان برد بۆ تیرۆرکردنی دوو لە ڕابەرانی کۆمۆنیستی کۆمەڵگەی کوردستان. هۆکاری ئەم دەست تێکەڵکردن و پیلانە هاوبەشەی ئەم دوو هێزە بۆرژوازییە، لە بنەڕەتیترین ئاستیدا ئەوە بوو کە کۆمۆنیزم جارێکی تر ڕابکێشنەوە کەنارە تاریکەکانی کۆمەڵگە و دووری بخەنەوە لە مەرکەزی هێز و دەرفەتی پەیوەست بوونی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، ژنان و لاوان بە

**بۆ لاپەڕە 4**




## یەکی ئایار ناسنامەی چینی کارگەرە لە پێناو دنیایەکی باشتردا!

**عەبدولا مەحمود**

یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی جیهانی چینی کارگەرە. ڕۆژی "نا" وتن و بە نیزامی سەرمایەدارییە، کە کوانووی سەرجەم موسیبەت و کوێرەوەییەکانی دنیاییە.

نا وتن و بە نیزامی سەرمایەداری و وەستانەوە بەڕووی نەهامەتیەکانی سەرچاوەگرتوو لەم سیستەمە تاڵانچی و دڕندەیە، ناسنامەی چینی کرێکارە. هەر ئەم ناسنامە جیهانیەشە وای کردووە چینی کارگەر لە ئایاردا، بێ گوێدانە نەتەوەو نیشتیمان، دین و مەزهەبەکان. رەنگ

**بۆ لاپەڕە 5**



## هاوڕەگەزخوازی چییە و بۆچی هەندێك کەس هاوڕەگەزخوازن؟

**نووسینی: ماریا کارگەر**

بە پێچەوانەی ئەو نۆرمە پیاوسالارانەی کە ئێمە لە بنەماڵە و لە قوتابخانە و نێوکۆمەڵگە ئەیناسین و لە سەری پەروەردە کراوین کە تەنیا ڕەگەزی ژن و پیاو بوونیان هەیە و تەنیا گرایشی هیترۆسێکسوالیتی (خوازیاری سێکس لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر. ژن لەگەڵ پیاو و پیاو لەگەڵ ژن، کە ئەبێتە هۆی دروست کردنی خێزان و وەچەخستنەوە) هەیە و شتێکی باش و تەندروست و سروشتیە. ئەمە هەڵەیە. ئەورۆ بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەفسانەی ئادەم و حەوا و دوو رەگەزی ژن و پیاو تەنیا ئەفسانەکان و داستانەکانی پیاوسالارین. بە هەزاران مرۆڤ ئەورۆ خۆیان لە شوناسی رەگەزی

**بۆ لاپەڕە 6**

## لە سی و سێهەمین ساڵیادی شاڵاوەکانی ئەنفالدا هیوا ڕەش لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ بۆپێشەوە دەدوێت...ل10





پرسی ژن ل 7

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل 8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

خۆدزینەوەی کۆمپانیاکان و بازرگانانی حزبی لە دانی باج، نەوت فرۆشی بە قاچاغ، بردنی بەشی زۆری داهاتە ناوخۆیی و نانەوتیەکان بۆ حزب... بۆیان کێشە نەبووەو بە هۆکارێکی ئەم هەلومەرجە سەختەی سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانیان نەزانیووە و لەجێگایدا تەنها بەغدا و هۆکاری تریان کردۆتە پاساو.

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەم هەلومەرجە نەک پاشەکشەی بە کەڵەکەی سەرمایەی کۆمپانیاکان سەرمایەدارەکان نەکردووە، بەڵکو لەم دۆخەدا کە دەسەڵات دەیان پاساو و بیانوو دادەتاشێت بۆ نەدانی موچەو خۆدزینەوەی لە دابینکردنی سەرەتاییترین خزمەتگوزارییەکان، کەچی کۆمپانیاکان، سەرمایەدارەکان و بازرگانان... دەوڵەمەندتر بوون و داهاتەکانیان هەڵکشاوە. هەروەها باج و رسومات لەسەر هاوڵاتیان زیادکراوە و دەسەڵات لە ڕێگای بەتایبەتیکردنی زۆرێک لە کەرتە گشتیەکان، گوشارەکانی بۆ سەر سفرەی کرێکاران و کارمەندان و بێبەشانی کۆمەڵگە بەوپەڕی خۆی گەیاندووە. هەموو ئەمانە پوچی ئەو پاساوانە دەخاتە ڕوو کە دەسەڵات بۆ نەدانی موچەو خۆدزینەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان دەیهێنێتەوە.

دیارە بەو حاڵەشەوە کە دەسەڵات هەمیشە باسی نەبوونی داهاتی پێویستی ناوخۆ، یان نەناردنی پارە لە بەغداوەی کردووە، کەچی شارەزایانی بواری ئابوری و کەسانی ئاگادار لەسەرچاوەکانی داهاتی ناوخۆ، تەنانەت کادرانی خۆیان ئاماژەیان بەوەداوە کە داهاتی هەرێم بەشی موچەی کردووە و دەتوانرا موچە لە کاتی خۆیدا بەبێ لێبڕین بدرێت. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ئەو ماوە زۆر سادەی خەڵکی کرێکار و کارمەند وموچەخۆرانی کوردستانیان، خواردووە و ئێستاش دیار نییە کەی پاشەکەوتی موچە و موچە دواخراوەکان کە دەدرێن و زیان لێکەوتوانی ئەم دۆخە کەی قەرەبوو دەکرێنەوە.

ئێستا دوای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و بەغدا بە ڕێکەوتن گەیشتوون و لەوەش زیاتر دەسەڵاتی هەرێم شانازی بە سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی دەکەن کە توانیوانە شایستە داراییەکانی هەرێم لە بودجەی عێراقدا جێگیر بکەن، بەڵام هێشتا دیار نییە کە ئایا موچەکان لە کاتی خۆیدا بەبێ لێبڕین دەدرێت یان نا؟ وە دیار نییە ئەگەر موچەش لەکاتی خۆیدا بدرێت، تا چ کاتێک بەردەوام دەبێت؟ وە ئەوەش ڕۆشن نییە کە ئایا بەغدا یان هەرێم پابەند بە ڕێکەوتنامەکە دەبن؟ وە ئایا دوای هەشت مانگی تر ئەو ڕێکەوتنامەیە چی بەسەر دێت و موازەنەی ساڵی ٢٠٢٢ چۆن دەبێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارە واقعیانەن کە خەڵکی کوردستان هەیانە و تا ڕادەیەکی زۆریش چارەنووسی ژیان و گوزەرانیانی پێوە بەندە.

وەزیری دارایی و ئابوری هەرێم ١٢ ئەم مانگە، ڕایگەیاند ئەگەر بەغدا پارە نەنێرێت ئەوا موچە بە لێبڕینی ٢١% دەبێت، واتە دوای ڕێکەوتنەکە و بەر لەرەوینەوەی شادی و زەردەخەنەی سەرکەوتنی جێخستنی شایستە داراییەکانی هەرێم لە بودجەدا لەلایەن سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە، دوبارە پرسی بەردەوام بوونی لێبڕینی موچە ماوە.

ڕاگەیاندنی ئەوەی ئەگەر موچە لە بەغداوە بێت موچە دابەش دەکەین و ئەگەر نەیەت بە لێبڕینەوە دەبێت و لەسەدا بیست و یەک لە موچەکان دەبڕدرێت. هیچ جێگایەک بۆ کاری حکومەتداری و دەسەڵاتداریتی ناهێڵێتەوەو هیچ بەرپرساریەتیێکیش ناکەوێتە سەر شانی دەسەڵات، جگە لەڕۆڵ بینین وەکو دەلال و ئەمین سندوقێکی دز. ئەگەر دەسەڵاتێک نەتوانێت بەو هەموو داهاتەی لە بەردەستیەتی موچەی فەرمانبەرانی دابین بکات و وەلام بەڵانی کەمی خزمەتگوزارییەکان بداتەوە، زیادەیە بەسەر کۆمەڵگەوەو دەبێ هەرچی زووە بڕوات. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئێستادا نرخی نەوت لەوپەڕی بەرزیدایەو بەهەموو پێوانەیەک ئەگەر بەغداش پارە نەنێرێت و داهاتی فرۆشی نەوت و داهاتەکانی ناوخۆ و نانەوتیەکان بە زیادەوە بەشی موچەو دابین کردنی خزمەتگوزارییەکان دەکات.

مامەڵەی نابەرپرسانەی دەسەڵات بەداهات و پرسی موچەو هەڵنەگرتنی کەمترین بەرپرسیاریەتی لە پەیوەند بەماف و داخوازی و پێداویستیەکانی جەماوەرەوە، ڕێگایەکی ناچاری دەخاتە بەردەم جەماوەری بێبەشی کوردستانەوە، کە هەرچی زووە لە ڕێگای خەباتێکی ڕێکخراو سەراسەرییەوە، بە راگرتنی کارگەو کارخانەکان، بە راگرتنی دەرهێنانی نەوت و ڕێگەگرتن لە گواستنەوەی، بە راگرتنی کار لەلایەن کرێکارانی شارەوانی و راگرتنی هاتووچۆ و گواستنەوە تا دەگاتە راگرتنی کار لە سلکی تەندروستی و ئاو و کارەبا و ناوەندکانی تر... وەڵامێکی خێراو کاریگەر بەو دەسەڵاتەو سیاستە دژە ئینسانیەکانی بدەنەوە. لەو ناوەند و کارگانەی کە داهاتی خۆیان هەیە، دەستبگرن بەسەر داهاتەکاندا و لە ڕێگای نوێنەرانێکی هەڵبژێردراو جی متمانەوە موچەی کرێکاران و کارمەندانی خۆیان بدەن و زیادە داهاتیش لە سندوقی ئەو شوێنەدا بپارێزرێت، یان بەپێی نەخشەیەک موچەی ئەو شوێنانەی پێ دابین بکرێت، کە داهاتیان نییە یان داهاتیان کەمە.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، بە درێژایی تەمەنی زاڵمانەی خۆی، خەریکی دزی و تاڵانی و سەرکوت و بێ مافیە، بەخۆدزینەوەشی لە دابینکردنی موچەو خزمەتگوزارییەکان، ئاستی نابەرپرسیاریەتی بەوپەڕی گەیاندووە، و تەمەنێشی زیاد لە پێویست کردووە، لەوەش زیاتر بۆتە بار بەسەر کۆمەڵگەوە، بۆیە ڕاماڵینی ئەو دەسەڵاتە بۆتە ئەرکێک دواخستن هەڵناگرێت. دەسەڵاتێک چاکسازی هەڵنەگرێت، نەتوانی موچەی موچەخۆرانی بدات، نەتوانێ ئاو و کارەباو کەمترین خزمەتگوزاری دابین بکات، لەدزی تاڵانی بۆ حزب و بنەماڵەکانیشدا بێ وێنە بێت لە دنیادا، دەبێ بەشێوەیەکی بێ وێنە بە ئیرادەی جەماوەری لە خوارەوەی چینی کرێکار و بێبەشانەوە هەڵبپێچرێت و داهات و سامانی خۆیان وەکو حزب و بنەماڵەکان، دەستی بەسەردا بگیرێت و بۆ کۆمەڵگە بگێردرێتەوە و لەسەر ئەم دزی و تاڵانی و سەرکوتەش ڕادەستی دادگای جەماوەری ئازادیخواز بکرێن.

**ناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٢١**

# لەهەر جێگایەك ستەم و خەبات هەبوو، ئەوان لەوێ بوون

18 ئەم مانگە بیست و سێ ساڵ تێپەردەبێت، بەسەر تیرۆری هاوڕێیان شاپورو قابیلدا، کە لەلایەن باندێکی ئینانکوژی ئیسلامییەوە، لەژێر سایەو ژینگەی دەسەڵاتی پارتیدا... تیرۆرکران.

شاپورو قابیل... دوو رابەری کۆمۆنیست و بێخانەولانەکان، رابەری ئاوارەکان و بزوتنەوەی دژی بێکاری و یەکێتی بێکاران... تێکۆشەرانی ئاکسیۆنە کرێکارییەکان و لێبراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان...بوون.

لەهەر جێگایەک ستەم و نابەرابەری هەبوو ئەوان لە ڕیزی پێشەوە بوون بۆ نەهێشتنی. لەهەر شوێنێک راسانێک هەبوو ئەوان داینەمۆو جوڵێنەری بوون. لەهەر گۆشەیەک هاوارو ناڵەی ئینسانی زوڵم لێکراو دەبیسترا، ئەوان دەنگی رەسای لەبەین بردنی ئەو زوڵمە بوون... کاتێک ئاوارەیی و بێخانە لانەیی یەخەگیری هاوڵاتیان دەبێت... ئەوان دەبنە رەمزی وەستانەوە بەرووی ژیانی ئاوارەیی و بێخانە لانەیداو کۆمەڵەی ئاوارەکان دروست دەکەن... کاتێک بێکاری بێداد دەکات، ئەوان دەبنە رابەری بێکاران و ڕێکخراوەی یەکێتی بێکاران، دروست دەکەن. کاتێک شەڕی دەسەڵاتی ناوخۆیی حزبەکانی کوردستان دەبێتە مۆتەکەو کابوسی سەر دڵی خەڵکی کوردستان، ئەوان دەبنە رەمزی بزوتنەوەی دژی شەڕ. کاتێک ژنان ستەمیان لێدەکرێت، ئەوان دەبنە تێکۆشەری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و دەبنە لمۆز شکێنی پیاوسالاری. کاتێک بزوتنەوەی کرێکاری و ڕیزگرتن لە بۆنە کرێکارییەکان دەبێتە نەریت، ئەوان ڕێکخەرو رابەری ئاکسیۆنە ئایارییەکان دەبن و دەبنە رەمزی وەستانەوە بەرووی ستەمی چینایەتی و بڵندگۆ بەدەستی رزگاریان... خۆ کاتێکیش بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری دەست دەبات بۆ خۆ ڕێکخراوکردن، ئەوان بە شوروشەوقەوە، دەبنە چالاک و هەڵسوراویی و دەبنە کاراکتەری رابەری ئەو حزبە...

بەڵێ شاپور و قابیل... وێڵی رزگاری ئینسان و کۆتاییهێنان بە نابەرابەری و بێمافی و ستەم و چەوساندنەوەو هەڵاواردن... دەبن. هەر ئەوەشە وادەکات ئەو دوو هاوڕێیە ببنە سیمایەکی خۆشەویست و سومبلی رزگاری ئینسان... ببنە خۆشەویستی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو " کرێکاران، ژنان، و خەڵکی بێخانەولانەو ئاوارە، ببنە رابەری ناسراو جێمتمانە... ببنە کادری رابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری.

ڕۆڵی بەرجەستەی ئەو دوو رابەرە کۆمۆنیستە، لەناو دڵی گەشە و پێشرەوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەوسەردەمەدا و کۆبونەوە جەماوەرییە ئایارییەکانی ساڵانی ١٩٩٤ دواتر، بەرامبەرکێی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبەکەی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لەگەڵ رەوتی کۆنەپەرستی ناو کۆمەڵگەو ئیسلامیە خۆشخزمەتچیەکانی ناوچەکە، بە واقعی دەبێتە ترس لای دەسەڵات و ئیسلامییەکان، دەبێتە خەمی دەسەڵات و بزوتنەوە کۆنەپەرستەکانیان... هەرەشەو چاوسورکردنەوە، چەند جار زیندانیکردن، پاشان خۆراگری و بەردەوامی دان بە تێکۆشان و خەبات، پەتی تەحەمولی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان دەپچڕێنێت... بۆیە دارشتنی پیلان بۆیان دەچێتە دەستورەوە... ڕێک لەو کاتەدا کە هاوڕێیان و شاپور و قابیل لەگەڵ هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان سەرگەرمی وەڵامدانەوەن بە هێرشی ئیسلامیەکان بۆسەر ژنان و مافەکانیان، ڕێک لەو کاتەدا کە خەریکی ئامادەکارین بۆ یەکی ئایاری ساڵی ١٩٩٨، لەبەرواری ١٨/٤/١٩٩٨ دا، دەکەونە ناو پلانێکی تیرۆریستی نەخشەبۆکێشراو و تیرۆر دەکرێن... بەتیرۆرکردنی ئەم دوو هاوڕێیە بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبی کۆمۆنیست و بزوتنەوەی بەرابەریخوازی ژنان و بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری، تێکۆشانی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە گورزێکی جەرگبڕ دەخوات و کە تائێستاش شوێنی پڕ نەکراوەتەوە و پڕکردنەوەی شوێنەکانیشیان ستەم و لە مەحاڵەوە نزیکە...

**بەرزو بەرێز بێت یادی خەباتکارانەی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێرانەی هاوڕێیان شاپور و قابیل**

**مەرگ بۆ تیرۆر و تیرۆریزمی ئیسلامی...**



**بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە فۆرمە گشتی و ناڕێکخراوەکەیدا ئەگەر بتوانێت دەسەڵاتیش رابماڵێت، بەڵام ناتوانێت کاری خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی یەکلابکاتەوە،**

# لە بەردەوامی هێرش بۆ سەر ئازادییەکان...سێ کەناڵ داخران.....!

زیاتر لە هەفتەیەکە سێ کەناڵی تەلەفزیۆنی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی سەر بەوەزارەتی رۆشبیری ڕاگیراون... و بەرنامەی کورد "ماکس شۆ" ش بۆ ماوەی ٢٤ سەعات ڕاگیرا..

هێرش بۆ سەر ئازادییەکان و ئازادی کاری میدیایی رۆژنامەنووسی، تادێت بەرینتر دەبێتەوە، ئەوەی جێگای ئیدانەو ریسواییە، ئەوەیە کە داخستنی ئەم کەنالآنە هیچی لەڕیگای یاساییەوە نەبووە، بەڵکو خودی بەڕیوەبەرایەتی گشتی راگەیاندنی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری رۆڵی دادگا و پۆلیس دەگێرێت و بڕیاری راگرتن بۆ کەناڵەکان دەدات. واتە بەجیا لەوەی دەسەڵاتی سیاسی رۆژ بە رۆژ هیرشەکانی بۆسەر ئەو پەراوێزە کەمەی ئازادی توندتر دەکاتەوە و دەیەوێت قفڵبەندی هەر دەنگ و نارەزایەتییەک بکات، یان هەر دەنگ و رەنگ و کەناڵێکی میدیایی و چاپەمەنی مل کەچی دەسەڵات و یاسا کۆنەپەرستەکان نەبێت و دڵی ئیسلامیەکان برەنجێنێت، ئەوا وەزارەتی رۆشنبیری بە چەکمەی دیکتاتۆریانەی دایان دەخات و تەنانەت ناگەڕیتەوە بۆ یاسای ژیر سایەی خۆشیان... ئەم مامەڵەیەی وەزارەتی رۆشنبیری ئەوە دەخاتە روو کە ئەو وەزارەتە کە هەڵگری هیچ رۆشبیرییەکی ئازادیخوازانە نییە، خۆی رۆڵی یاسا و پۆلیس دەگێرێت و دەبێتە زمان حاڵی ئەو کەلتورە گەنیوەی کە لەدژی هەموو بەرنامەیەکی تەرفیهی و ئازادیخوازنەو ئینسانییە.

ئەوە لە کاتێکدایە دەیان کەناڵی تر بەبەرچاوی وەزارەتی رۆشبیرییەوە رۆژانە سوکایەتی بە پیرۆزییەکان ئینسان دەکەن، ژن بە کەم عەقڵ لەقەڵەم دەدەن، منالآن بە گوێرایەڵی گەورەکان پەروەردە دەکەن، فتوای رۆشنبیران و رۆژنامەنووس و نووسەران دەدەن، دەخالەت لە وردو درشتی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن و هەر دەنگ و رەنگێک، بۆنی ئازدایخوازی لێ بێت دەی کافرێین...

وەزارەتی رۆشنبیری کە وەزارەتی گوێ لەمستی دەسەڵاتێکی دزو تالآنچی بزوتنەوەی کوردایەتییە هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت و ئەوەی دەزگای سەرکوتگەرەکان نایکەن وەزارەتی رۆشنبیری دەیکات... ئەوەی یاسا نایکات، بەڕیوەبەرایەتی راگەیاندن ئەنجامی دەدات... ئەوەی لە دنیادا هەر لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەوەشێتەوە، وەزارەتی رۆشنبیری و دەسەڵاتی سیاسی پشتی ئەو وەزارەتە، شانازی پێوە دەکەن و وەکو گورزێک بۆ تۆقاندنی کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەگرن...

هیرش بۆ سەر ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و کاری میدیایی و رۆژنامەنووسی، هیرشە بۆسەر تەواوی کۆمەڵگە... داخستنی ئەو کەنالآنەش سەرکوتگەرییەکی ئاشکراییەو پێویستە بەتوندی لەلایەن بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەوە رەت بکرێتەوە و ریسوا بکرێت. بێدەنگە کردن لەم هێرشەی دەسەڵات و دەزگا بەناو رۆشنبیرییەکەی، هیچ واتایەک ناگەیەنێت جگە لەوەی کە رەزامەندی نیشاندانە بۆ سەرکوتی ئازادی و ئازادییەکان و کاری میدیایی و رۆژنامەگەری...

# کۆرۆنا ڤایرۆس...
# دەرگای قوتابخانەکان دادەخات و دەرگای مزگەوتەکان دەکاتەوە...

ئەم کۆرۆنا ڤایرۆسە نەعلەتییەی لەهەرێمی کوردستان هەیە، دژی خوێندن و پەروەردەو قوتابخانەکانە و دۆستی گیانی بەگیانی مزگەوتەکان و ئەهلی خوایە!!

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم چ حەکیمە، لە کاتکێدا بە پاساوی پاراستنی هاوڵاتیان لە بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا دەرگای قوتابخانەکان و پەیمانگاکان دادەخات و خوێندن رادەگریت، و دەیکات بە ئۆنلاین کە لایەنێکی زۆری گرنگەو چارەنووسی چەندین نەوەی لە قوتابیان و خویندکاران لەسەر بەندە، کەچی دەرگای مزاگەوتەکان دەکاتەوە کەهیچ کاریگەریی و گرنگیەکی بۆ کۆمەڵگە نییەو موسوڵمانان دەتوانن لە ماڵەکانی خۆشیاندا، نویژی خۆیان بکەن...

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبونەوەی کۆڕۆنا، بەم بڕیارانەی نیشانی دەدات ئەم دەسەڵاتە خۆی ڤایرۆسیکی تایبەت و خۆرەی کۆمەڵگەیە، ئەگەر وانییە چ حکمەتێک لەوەدایە دەرگای قوتابخانەو پەیمانگاکان دابخەیت و دەرگای مزگەوتەکان بکەیتەوە. بەراستی ئەم بریاریارانە سەد بەربەر ئەو راستیە دەسەلمێنیتەوە، کە دەسەڵات دوژمنی خوێندن و پەروەردە و هوشیاربوونەوەی کۆمەڵگەیەو دەست بە باڵگرتووی دەسەڵاتی کۆنەپەرست و مزگەوت و کۆنەپەرستی ئیسلامی پارێزەری دەسەڵاتە ...

لیژنەی باڵای رووبەرووبوونەوەی کۆرۆنا، ئەم حیکمەتە زانستیەمان پێ ناڵێت، کە چۆنە کۆرۆنا ڤایرۆس دەرەقەتی مزگەوت وموسوڵمان نایەت و هەرەشەو مەترسی بڵابوونەوەی نییە، بەڵام لە قوتابخانەو پەیمانگاکان هەرەشەی بڵاوبوونەوەی هەیە... هەروەها ئەو حیکمەتەشمان پێ ناڵیت ئەگەر دەرگای مزگەوتەکان دابخرێن چ زیانێک بە تاک و بە کۆمەڵگە دەکەوێت و ئەگەریش قوتابخانەو پەیمانگاکان بە رەچاوکردنی رێنماییە تەندروستەکان بکرێنەوە، چ زیانێک بە خویندکاران و کۆمەڵگە دەگەیەنێت...

# لە ڕەمەزاندا کردنەوەی مزگەوتەکان لادانە لە ڕێنماییەکان!!



بەپێی بڕیارێکی حکومەتی هەرێم لە ڕەمەزاندا مزگەوتەکان دەکرێنەوە. دەبێ بپرسین لەسەر چ بنەمایەکی زانستی ئەم بڕیاڕە دراوە لەم کاتە مەترسیدارەی کۆرۆنادا کە شەپۆلی سێەمی کۆرۆنایە و زۆرتر خەڵک لە دوو شەپۆلەکەی تر تووشی کۆرۆنا دەبن و مردنیش زۆرە؟

ئەم دەسەڵاتە هەمیشە دەبێ پیشانی بدا و بەڵگە بدا بەدەستەوە کە حکومەت کارێک ناکا لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت، بەڵکو چی لە بەرژوەندی دەسەڵاتە گەندەڵ و دزو مافیاکەیدا بێ ئەوە دەکات.

ئەو دەسەڵاتە دەیەوێ بەم کارەی دەم و دەست وقاچی خەڵک ببەستێ و دووریان بخاتەوە لە نارەزایەتی لە دژی خۆی ئیتر مووچە نادات و ژیانی خەڵک لە کاتی کۆرۆنادا دابین ناکا هەروەک چۆن کە ٣٠ ساڵە لەسەر حسابی برسیکردن و هەژارترکردنی خەڵک خۆیان دەوڵەمەند کردووە دەیانەوێ بەردەوامی بدەن بەم بارودۆخە. ئەمجارە لەڕێگای مل کەچکردن لە بەرانبەر ئیسلامی سیاسی دا دەیانەوێ بەبێ دەنگی و بە ئارامی ئەو بارودۆخەیان بەردوام بێت.

هەموو ئەوە فێر بووین لە ماوەی یەکساڵ زیاتری بوونی کۆرۆنادا کە زیاتر ئەو کەسانە تووش دەبن و دەمرن کە تەمەنیان زۆررە وە کۆرۆناش خاتری هیچ کەس ناگرێ لەبەر هیچ هۆیەکی و ئایینی و غەیبی دەست پارێزی ناکا و هەموان وەک یەک دەبینێ، ئیتر بۆچی دەبێ کەسە بەتەمەنەکان و گەنجەکان بەهۆی سەردانی مزگەتەوە بکرێنە نێچیری کۆرۆنا و کۆمەڵگەش زیاتر بخەنە مەترسیەوە .

مندالآن لەبەرئەوەی سیستەمی بەرگریان لە بەتەمەنەکان و گەنجەکان باشترە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە نەگریسە کەچی دەرگای قوتابخانەیان لێ دادەخرێ و مزگەوتەکانیش بۆ بەتەمەنەکان دەکرێنەوە! ئەمە پێچەوانەی پێوەرە زانستی و ڕێنمایەکانی بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنایە .

بەپێی بەڵگە زانستیەکان ئەگەر بڕیار بێت لە نێوان مزگەتەکان و قوتابخانەکان هەڵبژاردن بکرێ بۆ ئەوەی کامیان کراوە بن دەبێ قوتابخانەکان کراوە بن و مزگەوتەکان دابخرێن یا دەبێ هەردووکیان دابخرێن.

لێرەدا هەردوولا، دەسەڵاتی کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی هاوئامانجن لەوەی هەردوولایان گیان و ژیانی ئینسانیان بۆ گرنگ نییە وە چەند کەس تووشی کۆرۆنا دەبن و دەمرن گرنگ نییە. هەروەک هەردوولا دژی ئازادی و مافەکانی تاکی کۆمەڵگاشن لەوەی لەڕەمەزاندا هەردوولا هێرشیان زیاتر دەبێ بۆ سەر ئەو کەسانەی بەڕۆژوو نابن و بەشێوەی جۆراوجۆر ئیهانەو سەرکوتیان دەکەن. ریستۆرانتەکان دادەخەن بە هەزاران کرێکار بەبێ بمە بێکار دەبن ئەوەش لەو بارودۆخەدا ژیانی هەزاران خێزان دەبێتە ژیانی کولەمەرگی و دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە.

ڕێگاچارە ئەوەیە لە کوردستان دەبێ ئایین بکرێتە کاروکردەوەی تاک و لەدەوڵەت و دەسەڵات جیابکرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو خەڵک ئازاد بن. ئاییندارانیش بۆخۆیان دەتوانن ئازادانە چۆنیان بوێ ئیتاعەی خۆیان بکەن، بەڵام مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵک و خۆشیان دروست نەکەن.

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە



# ئەزمونێکی شیرینی کۆمۆنیستی و کرێکاری!

## له یادی شاپور عبدالقادر و قابیل عادلدا

نووسینی: ئیبراهیم حسێن

کۆمۆنیزم و ئازادیخوازیی کۆمۆنیستی لە جەنگیاندا لەپێناو ئازادی و خۆشبەختی و ڕزگار بوونیان لەو کۆنەپەرستیە بۆرژواییەی کوردایەتی و ئیسلامی و ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی کاری بەکرێ دابخەن. لەیەک وشەدا هەوڵ و نەخشەیەک بوو بۆ ئەوەی کۆمۆنیزم و کاری کۆمۆنیستی و سیاسەتی کۆمۆنیستی و ڕابەری کۆمۆنیستی، ناچار بکا بەگەڕانەوە بۆ شێوەکاری مەحفەلی و ژێرزەمین کاری و خەریککردنی بە کاری گروپی فشارێکی بێ زیان و وێڵکردنی کۆمەڵگە و دەعوای سەرەکی لەسەر دەسەڵات و ژیان و نان و ئازادی و چارەنووسی کۆمەڵگە.

کۆمۆنیزمێک کە بۆ یەکەمجار و دوای مێژوویەکی دورودرێژ لە ناوچەکەدا سەری دەرهێنابوو کە بە پێچەوانەی هەموو کۆمۆنیزمی تا ئەوکاتە باو، بەنیاز نەبوو لە گۆشەکانی کۆمەڵگەوە، لە کەنارەوە چاوەڕوانی ئەوە بکا چارەنووسی دیاری بکرێ، چاوەڕوانی ئەوە بکا بکرێتە قوربانی و لێبگەڕێ کۆنەپەرستی بۆرژوایی دوورخستنەوەی ئەوەی کرێکاران و جەماوەری بێبەش دەستیان بە کۆمۆنیزمی خۆیان، بە ڕابەرانی کۆمۆنیستی خۆیان ڕابگا، ئەم کۆنەپەرستییە بۆرژواییەی کوردایەتی نەیدەتوانی بەو جۆرەی ئێستای سەر بگرێ.

بۆرژوازی لە زمانی پارێزگاری هەولێر، بە ڕاشکاوی هەمان ئەو شتەی بە ڕوونی بە شاپور ڕاگەیاندبوو کە لەم کۆمەڵگەیەدا یان ئێمە دەبین یان ئێوە، کۆمەڵگە یان دەبێ بە دەستی ئێمەوە بێ یان ئێوە و ئەو شارە ناکرێ دوو پارێزگاری هەبێ.

ئەم ترس و فۆبیایەی بۆرژوازی واقیعی بوو، چونکە کۆمۆنیزمی شاپور و قابیل، کۆمۆنیزمی ناو دڵی هەمان ئەو ژنە کرێکار و زەحمەتکێشانەی گەرمیان بوو، قسەی دڵی هەمان ئەو ئاوارە کوڵ بەکوڵانەبوو کە ئەو دنیایە بەو پانتایی و فراوانییەی خۆیەوە، شوێنێکی بە ناوی ماڵ و خانوو پێ ڕەوا نەبینیبوون و لە سایەی دەسەڵاتی کوردایەتیدا ناچار بە ژیان لە کۆڵبەرنشینی کرابوون، هاواری ناخی ئەو لێشاوە ئایندەیەکی دوور و نادیار، بەڵکو کۆمۆنیزمێک بوو کە بەنیاز بوو زەوی و ئاسمان و مادده و هۆکارەکانی ژیانی ئازاد و خۆشبەخت و کۆمەڵگە، لەدەستی ئەو کەمایەتییە سەرمایەدارە، دەربهێنێ.

ئەوان کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی کۆمۆنیستی و ڕابەڕایەتی کۆمۆنیستییان بردە ناوەڕاستی کۆمەڵگە، جەرگەی کێشمەکێش و دەعوای چینایەتی لەسەر ژیان، لەسەر نان و لەسەر ئازادی و خۆشبەختی و لەسەر ڕەتکردنەوەی بێمافی و هەژاری و هەلومەرجی باو لەبەرامبەر بۆرژوازی کوردایەتی، لەبەرامبەر کۆنەپەرستی نەتەوەیی و ئیسلامیی بورژوایی دەسەڵاتدار و ڕاستەوخۆ چینی کرێکار و ئۆردووی مرۆڤایەتی بێبەشیان بۆ یەکگرتنێکی چینایەتی لە دەوری ئەو پەرچەمە ڕادیکاڵە کۆمۆنیستییە بانگەواز کرد.

ڕێک بەهۆی ئەم سووربوونە لە نوێنەرایەتیکردنی ڕادیکاڵ و بێ منجەمنجی قسەی دڵی چینەکەی خۆیان و مرۆڤایەتی

**کۆمۆنیزمێك کە شاپور و قابیل هێنایانە زمان کۆمۆنیزمێکی سادە و قوڵ و شۆڕشگێڕ بوو بە هەمان سادەیی خواستی مرۆڤ بۆ ژیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختی، بە هەمان سادەیی و قووڵی بێزاری مرۆڤ لە ڕەزالەتی چینایەتی.**

کوردایەتی و ئیسلامی، بەکۆنەپەرستانەترین شێوە ژیان و چارەنووسی ئەم نەوەیەی چینی کرێکار و مرۆڤایەتی بێبەش دیاری بکەن، شتێک نەبوو کە هەروا بۆرژوازی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، بتوانێ بوون و هەڵسووڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی قبوڵ بکا.

هەربۆیە تیرۆری شاپور عبدالقادر و قابیل عادل، تیرۆرێکی سادە نەبوو، بەڵکو بەشێک لە ئیقدامێکی ستراتیژیتری جەنگی بۆرژوازی قەومی و ئیسلامی بوو لە دژی کومۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە ئامانج لێی لێدان لە ئیعتیماد و متمانەی چینی کرێکار و کۆمەڵگە بە چەپ و کومۆنیزم بوو. دواتریش سەرەنجامی مەنتیقیی ئەو هێرش و جەنگەیان تا ئاستی هێرش بۆ بوارەکانی تری دەرکەوتنی ئەو خەت و هێزە ڕادیکاڵە ڕاکێشا و بە داخستن و بەستنی ڕێکخراوەکانی ژنان و منداڵان، سەرەتای کۆنەپەرستییەکی بێ وێنەی بۆرژواییان، لە هەولێر و کوردستان داکوتا. بە بێ ئەمە، بە بێ لێدانی کۆمۆنیزم و گەورەیە بوو کە تەنها شانسێک کە لە ژیان پێیان بڕابوو، هێزی کار فرۆشتن بوو ئەویش ئەوەندە هەرزان کە بە ئاستەم بەشی دووبارە هێز بەبەرداهاتنەوەیان بکا. چونکە کۆمۆنیزمێک کە شاپور و قابیل هێنایانە زمان کۆمۆنیزمێکی سادە و قوڵ و شۆڕشگێڕ بوو بە هەمان سادەیی خواستی مرۆڤ بۆ ژیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشبەختی، بە هەمان سادەیی و قووڵی بێزاری مرۆڤ لە ڕەزالەتی چینایەتی، لە هەلاواردن و بێبەشی، کۆمۆنیزمێک بوو کە ئامادە نەبوو قسەکانی بە منجەمنج و لەژێر لێوەوە بکا، ئامادە نەبوو بچێتەوە ژێر زەوی و خەریکی دنیای خۆی و کاری لاوەکی و گروپی فشارێکی بێوەی بێت. دەوری شەریکی بچوکی مەسەلەکانی کۆمەڵگە قبوڵ بکا و لە دوورەوە خەون بە ئایندەوە ببینێ و کاری بە چارەنووسی کۆمەڵگە و دەسەڵات و هێزەوە نەبێ، ئامادە نەبوو لەسەر مەسەلەی ئازادی و یەکسانی سازش بکا و ئازادی تیکە تیکە بکا و قسەی ئەمڕۆی بخاتە سبەی و بیسپێرێ بە بێبەش، لە جەرگەی کێشمەکێشی سیاسی وکۆمەڵایەتی، لەبەرامبەر کۆنەپەرستی بۆرژوایی نەتەوەیی و ئیسلامی، گۆڕان بە ڕابەرانێکی شیرینی دەورەیەک لە بەرەنگاری و پەلاماری چینایەتی لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردستان. بەڵگەی ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە بوو کە لە هەر کوێیەک چینی کرێکار و ئۆردووی مرۆڤایەتی بێبەش ئەو کۆمۆنیزمە و ڕابەرانی ئەو کۆمۆنیزمە لە ناوەڕاستی جەنگ و مقاوەمەتی خۆیدا پەیدا بکا و ئامادەیی ئەوەی تێدا شک بەرێ، کۆمۆنیزم و ڕابەرایەتی کۆمۆنیستی وەک پەرچەمی "نا"ی خۆی، بە بەربەرییەتی سەرمایە و دەسەڵاتی چینایەتی ئەو کەمایەتییە، هەڵدەبژێرێ.

لە کۆتایی دەورەیەکدا و پاش بیست وسێ ساڵ لە تیرۆری ئەو دوو ڕابەرەی کۆمۆنیزم و چەپی کرێکاریی، جێگەی خۆیەتی بگەڕێینەوە و هەمان قسەی پارێزگاری ئەوکاتی هەولێری دەسەڵاتی ئەمڕۆی هەولێر بیر بهێنینەوە کە وتبوی ئەو کۆمەڵگەیە و هەولێر ناتوانێ دوو پارێزگاری هەبێ، یان ئێمە دەبێ لێرە پارێزگار ودەسەڵات بین یان ئێوە. ئێستا دوای نزیکەی ٢٣ ساڵ وردەیەک دەسەڵاتی ئەو کەمایەتیە سەرمایەدارەی کوردایەتی و ئیسلامی، چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، ژنان لاوانی کوردستان، مانای واقیعی ژیانکردنیان لەسایەی دەسەڵاتی ئەو کەمایەتیە سەرمایەدارە کۆنەپەرستە دژی ئازادی وخۆشبەختیە بە قیمەتی بەفیرۆچوونی دەرفەتی ژیانی ئازاد، بەقیمەتی ئاوارەبوون و سەرهەڵگرتنی بە لێشاوی گەنجان، بە قیمەتی کارکردنی مفت و بەلاش و ژیانێکی نا قابیل بە شکۆی مرۆڤ، بەقیمەتی بێکاری و دابین نەبوونی لانی کەمەکانی ژیان، لەیەک وشەدا بە قیمەتی ژیانکردن لە کۆنەپەرستیەکی بێ وێنەی بۆرژوایی لەم سەردەمەدا، تاقی کردەوە. ئەگەر بە دەستی شاپور و قابیلەکان بوایە، ئەوکۆنەپەرستی و بەدبەختیە بۆرژاییە نەدەبوو، ئەو لێشاوە لە ژنانی مەملەکەت بێکەسکوژ نە دەکران، ئەو هەزاران گەنج و لاوە لە جەنگی نێوخێزانی ئەو کەمایەتیە سەرمایەدارەی کوردایەتی و ئیسلامی نەدەبوونە قوربانی، ئەولێشاوی سەرهەڵگرتن لە تاو نائومێدی بە ژیانێکی شەرافەمەندانە نەدەبوو، ئەو وێرانکردنەی ژیان و ئاسایش و ئاسودەییە ئابوری و کۆمەڵایەتیە نە دەبوو، زیندان و دەمداخستن و حورمەت شکاندن لەسەر ڕەخنەو هەڵسوڕانی سیاسی و داهێنانی هونەری نەدەبوو ئەو فیرعەناوایەی ئەو کەمایەتیە بۆ خۆی ڕێکخستوە نەدەبوو، بەڵکو کوردستان جێگەی ژیانی ئاسودە دەبوو بۆ هەر کەسێک، سەروەت و ئیمکاناتی بەدەستهاتو لە تەقەلای هاوبەش و بە کۆمەڵی کارکردوانی کۆمەڵ بۆ جۆراوجۆرکردنی بوارەکانی خۆشبەختی و ئاسودەیی هەموان دەخرایەکار، هەموان دەیانتوانی هاوڵاتیانی ئازاد و خاوەن جێگەوڕێگەی یەکسان بن و بە ئەندازەی توانایان بدەن و بە پێی نیاز و پێداویستیەکانیان، بەهرەمەند بن لە ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی بە دەستهاتوو لە کار وتەقەلای هاوبەش.

ئێستا ئیتر هاوکێشەکە لە چاوی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم و ئۆردوی بێبەشانەوە بەوجۆرەیە کە ژیانی ئازاد وبەختەوەر، کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان، ناکۆکە بە دەسەڵاتی کەمایەتیەکی سەرمایەدار، کرانەوە و ئاساییش و ئاسودەیی بۆ هەموان لە ژیان و لەکومەڵگە، بە فەرزی درێژە کێشانی دەورودوکانی ئێوە خەیاڵ و ئەفسانەیە. شانسی ئازاد ژیان و تاقی کردنەوەی دەرفەتی ژیانێکی ئازاد و خۆشبەخت تەنیا لەوەدایە کە هەولێر و سلێمانی و ئەو مەملەکەتە لە دەستی کرێکاران و ئۆردوی مرۆڤایەتی و لە دەستی کۆمۆنیزم و شاپور و قابیلەکاندا بێت.

******



# یەکی ئایار ناسنامەی چینی کارگەرە لە پێناو دنیایەکی باشتردا!

عەبدولا مەحمود

**یەکی ئایار... جەژن و ڕۆژی هیچ دەوڵەت و ولات و دین و مەزهەب و کەمایەتی و زمان و کەلتورێک نییە. هەرکام لە دەوڵەتەکان، ولاتەکان، نەتەوەکان، مەزهەبەکان و ئاینزاکان، تایفە و کەلتورەکان... دەیان بۆنەو ڕۆژی نیشتیمانی و نەتەوەیی، دینی و مەزهەبی، تایفی و کەلتوریان هەیە، بەلام هیچ کامیان زاتی ئەوە ناکەن ئایار بە جەژن و ڕۆژی خۆیان بزانن. لەبەرامبەردا چینی کرێکار لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم هەسارەیە بن، سەر بەهەر نەتەوەو نیشتیمان و هەلگری هەر دین و دین زاو مەزهەب و کەلتورێک بن، بە هەر زمانێک بدوێن و ڕەنگی پێستیان هەر جۆرێک بێت، یەکی ئایار بە ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی و جەژنێکی چینایەتی خۆیان دەزانن...**

پێست و دوورونزیکی لەیەکتری، ژن بوون و پیاو بوون، لاو و بە تەمەن، لەسەر کار و بێکار، لەدەور یەکتری کۆدەبنەوە. کۆبوونەوە و مەراسیم سازدەدەن، جەژن دەگێڕن و پیرۆزبایی لە یەکتری دەکەن، پەیامی هاوپشتی بۆ یەکتری دەنێرن، پشتیوانی بۆ یەکتری دوپات دەکەنەوە. ناسنامەی ئایار، بەوێنەی ناسنامە جیهانی دەکەنە جێگرەوەی ناسنامە خۆچێیی و نیشتیمانی نەتەوەیی و مەزهەبییەکان. ناسنامە دروستکراو ساختەکان لە ژێر هەیمەنەی ناسنامەی جیهانی چینی کرێکاردا، ون دەبن.

یەکی ئایار... جەژن و ڕۆژی هیچ دەوڵەت و ولات و دین و مەزهەب و کەمایەتی و زمان و کەلتورێک نییە. هەرکام لە دەوڵەتەکان، ولاتەکان، نەتەوەکان، مەزهەبەکان و ئاینزاکان، تایفە و کەلتورەکان... دەیان بۆنەو ڕۆژی نیشتیمانی و نەتەوەیی، دینی و مەزهەبی، تایفی و کەلتوریان هەیە، بەلام هیچ کامیان زاتی ئەوە ناکەن ئایار بە جەژن و ڕۆژی خۆیان بزانن. لەبەرامبەردا چینی کرێکار لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم هەسارەیە بن، سەر بەهەر نەتەوەو نیشتیمان و هەلگری هەر دین و دین زاو مەزهەب و کەلتورێک بن، بە هەر زمانێک بدوێن و ڕەنگی پێستیان هەر جۆرێک بێت، یەکی ئایار بە ڕۆژی هاوپشتی و هاوچارەنووسی و جەژنێکی چینایەتی دەزانن. مەبنای ئەو واقیعەتە حاشا هەلنەگرەش ئەوەیە، چینی کریکار ئەو ئۆردووە عەزیمەیە کە هەژمار بە ژمارەی هیچ ولات و نەتەوەیەک ناکرێت. وە جێگەی ئەو لە بەرهەمهێنان و چەرخاندنی کۆمەلگەدا لەسەرجەم دنیادا میحوەرییە.

خالی هاوبەشی چینی کریکار لەناو دەیان و سەدان ولات و دەوڵەت و نەتەوەی جیاجیادا، هاوچارەنووسی چینی کریکار لەناو ڕەنگالەیی هەمەجۆری دەسەلاتدارێتیەکاندا، ناچاربوونیەتی بە فرۆشتنی هێزی کارو کۆیلەبوونی کاری کرێگرتەیە.

لەناو نزیک بەهەشت ملیار ئینسانی سەر ئەم گۆی زەویەدا، کەمایەتیەکی زۆر زۆر ناچیزی لێ دەرچێت، باقیەکەی بۆ مانەوەیان لە ژیان، ناچارن هێزی کاریان بفرۆشن و ئامادەبن بۆ ڕۆژانی دواتریان... ئەمە ئەو ئۆردووە بێ شومارەیە کە کۆمەلگە دەچەرخێنێت و سەروەت و سامانی کۆمەلگە، بەرهەم دەهێنێت.

بەکورتی بنەمای ناسنامەی جیهانی کارگەر، کویلەتی بەکرێی چینی کارگەرە لەژێر سایەی نیزامی سەرمایەداریدا و یەک چارەنووس بوونیانە.

هەر ئەو واقیعیەتەشە وای کردووە، کە بۆرژوازی لەدەسەلاتدا بێت یان لە ئۆپۆزیسیۆندا بێت، بەردەوام و بەبنەخشە، خەریکی ئەوەن چینی کریکار لە ژێر ناوی نەتەوەو نیشتیمان، دین و مەزهەب، زمان، ڕەنگی پێست، ژن و پیاو بوون، لەسەر کار و بێکار... تاد، پارچە پارچە بکەن و ناسنامەی چینایەتیان بسڕنەوە. بەلام بۆرژوازی لەم مەئموریەتەیدا تێکشکاو و ناکامە. جێگاو ڕیگای چینی کریکار لە بەرهەمهێنان و کۆمەلگەدا، زۆر لەوە بەرجەستەترە کە ناسنامەکەی بسڕدرێتەوە، مەگەر بە سڕینەوەی کۆمەلگەی چینایەتی، کە ئەویش هەر کاری چینی کریکار و شۆرشی ئەوە.

خواستەکانی چینی کریکار، لە پێناو ژیانێکی باشتردا... لە زیادکردنی کرێوە، تا دەگاتە کەم کردنەوەی شیدەتی کار، لەخەبات بۆ کەمکردنەوەی سەعات کارەوە، تا دەگاتە ئارامی و ئاسایشی شوێنی کار. لە دابین بوونی خزمەتگوزارییەکانەوە تا دەگات بەدەستراگەیشتنیان بە بیمەی بێکاری و بیمەی کۆمەلایەتی و تەندروستیەکان... ئەو خواستانەن کەبۆرژوازی نەیتوانیوە، لە چینی کرێکاریان بسەنێتەوە یان لەژێر ناوی بەرژەوەندییە قەومی و دینی و نیشتیمانی و بۆنەکانیاندا، پاشکشەیان پێ بکات. تەنانەت لەو ولات و کۆمەلگەیانەشدا، کە زولم و کێشەی تر سیاسی و کۆمەلایەتی بوونیان هەیە، بەلام ئەولەویەت لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە هەر مەسەلەی ژیانێکی باشتر و تێکۆشانە بۆ دابین بوونی خواستە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانیان. لەیەکی ئایارەکاندا، ئەو واقیعیەتە زۆر بەرجەستەتر خۆ دەنوێنێت، کە ئایار هەم ناسنامەی چینی کریکارەو هەم ئەولەویەتی خواستەکانیشی خەباتە بۆ ژیانێکی باشتر. مێژووی یەکی ئایار لە یەکەم ڕۆژی جێگیر بوونیەوە تا دەگات بە ئەمرۆ، مێژووی هێنانە مەیدانی خواستەکانیانە لە پێناو دنیایەکی باشتردا... ١ ئایار بوتە ڕۆژی کۆبونەوە، مانگرتن، خۆپیشاندان، ئاکسیۆن سازکردن، دوبارەکردنەوەی پەیامی هاوپشتی و هاوچارەنووسی، وە سەکۆیەک بۆ خستنە ڕووی خواستەکانیان بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکان.

ئایاری ئەمسال لەدلی هەلومەرجێکدا بەرێوەدەچێت... کە لەژێرسایەی نیزامی چاوچنۆکی سەرمایەداریدا، کۆرۆنا ڤایرۆس بەربۆتە گیانی ملیارەها ئینسان، کە لەگەل ئەوەدا کە ڕۆژنە گیانی دەیان هەزار ئینسان دەچێنێت... هاوکات بوتە مایە شەپۆلێکی بەرینی بێکارکردن و ئۆردوی بێکارانی چەند بەرابەر کردووە، هەژاری و برسێتی بێ وێنەی پەرەپێداوە. لەهەمان کاتدا ڤاکسینی کۆرۆنا و بەکارهێنانی بەشێوەی زۆر هێواش بەرێوەدەچێت. لە زوربەی ولاتانی دنیادا بەتایبەتیش لەولاتانی دواکەتوو پەراوێزخراودا لە ئاستی نەبووندایە. ئەوە لە حالێکدایە بۆرژوازی دەتوانێت لە یەک ڕۆژدا ئاکامی هەلبژاردنێک بۆ ولاتێکی چەند سەد ملیۆنی ڕابگەیەنێت، بەلام بۆ دابینکردنی ڤاکسین و بەرهەمهێنانی ڤاکسین کە وەلامدەرەوە بە ویستی زۆربەی جەماوەری بێت و دەستە وەستان و لاباکە.

بێگومان ئایاری ئەمسال لە دلی کۆرۆنا ڤایرۆسدا، سنوردارییەک دەبەخشێت بە مەراسیم و ئاکسیۆنە ئایارییەکان، و ڕابەرانی کریکاری و چەپ و کۆمۆنیستەکان ناچار دەکات، کە ڕەچاوی هەلومەرجی ئێستا و دۆخی کۆرۆنا ڤایرۆس بکەن، بەلام ئەمە هەرگیز بەمانای دەستهەلگرتنی چینی کریکار لە ڕێزگرتن لە ئایارو دەستبەرداربوون لە خواستەکانیان نییە.

چینی کریکار لە کوردستان وەکو بەشێکی دانەبراو لە چینی کریکاری جیهانی لە جەرگەی هەلومەرجی ئێستادا، خاوەنی خواست و داوکاری تایبەتی خۆیەتی. ئەگەر چینی کریکار لە ئاستی جیهانیدا خوازیاری خواستە هاوبەشەکانییەتی و بە شێوەی گشتی وێلی دنیایەکی باشتر و ژیانێکی تەسەلترن، و لەهەر ولاتێکیشدا لەدەوری خواستی تایبەتی تەوەرە دەبەستن و سیما و تایبەتمەندی دەدەن بە ئایار، ئاواش لە کوردستان چینی کریکار... خواستی تایبەت بەخۆی هەیە. گرنگترین خواستی چینی کریکار لە کوردستاندا بەجیا لە دوپاتکردنەوەی هاوپشتی چینایەتیان لەگەل کریکارانی جیهاندا، خواستی زیادکردنی کرێ، فەراهەم بوونی ئەمنیەتی شوێنی کار و ئازادی مانگرتن و ڕیکخراوبوون... سەرەکیترین خواستەکانی چینی کریکاریی کوردستان لە ئایاری ئەمسالدا.

کریکارانی کوردستان بۆ هێنانە مەیدانی ئەو خواستانەیان لە ئایاردا پێویستە لە ئێستاوە خۆیان بۆ ڕۆژی یەکی ئایار ئامادەبکەن، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستای کۆرۆنا ڤایرۆس و ڕینماییە تەندروستیەکان، لە ڕیگای ڕاگرتنی کار، وەخستنە ڕووی داخوازییەکانیان لە ڕیگای نوینەرانیانەوە، نمایشی یەکگرتوویی چینایەتی و هێنانە مەیدانی خواستەکانیان بکەن. لەم ڕاستایەدا ڕۆلی ڕابەرانی کریکاریی و کریکارانی سۆشیالیست و کۆمۆنیست چارەنووسازە.

بژی یەکی ئایار، ناسنامەی چینایەتی چینی کریکاریی جیهانی لەپێناو ژیان و گوزەرانێکی تەسەل و دنیایەکی باشتردا.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# هاوڕەگەزخوازی چییە و بۆچی هەندێك كەس هاوڕەگەزخوازن؟

نووسینی: ماریا كارگەر

**بەشی یەکەم**

نێر و مێدا نابیننەوە. ئەمە بابەتێکی تازە نییە و بە درێژایی مێژوو مرۆڤگەلێک بوون کە نە ژن بوون نە پیاو و لە کۆمەڵگەی کوردی "نێرەمۆکیان" پێ وتوون، واتە ترانس جێندەرەکان. زۆر کەسی تر هەن کە بە پێناسەی جیاواز ناو لە خۆیان ئەنێن، وەک جێندەر فلەوێد، بۆ ئەوان ڕەگەز بەردەوام ئەگۆڕێت، هەندێک جار پیاون و هەندێک جار ژن. هەروەها بێجێندەرەکان، ڕەگەز لای ئەوان ئەگۆڕدرێت و ئەتوانن لەیەککاتدا هەم ژن بن هەم پیاو. هەروەها دێمی گێرڵ و دێمی بۆیەکان، دێمی لە زمانی فەرەنسیدا بە واتای نیوە دێت. کەواتە ئەوان نیوەیان پیاوە و ئەو نیوەکەیتر ژنە. هەروەها ئەیجێندەرەکان، ئەمانە خۆیان لە شوناسی هیچ ڕەگەزێکا نادۆزنەوە و ڕەگەز بەلایەنەوە شتێکی ڕێلێڤانت نییە. هەروەها نیوترۆیزەکان، ئەوان هەڵسوکەوتی نۆیترالیان بۆ پێناسە ڕەگەزی هەیە.

کەواتە هەرکام لەم مرۆڤانە، گرایشی سێکسی تایبەتیان هەیە. گرایشە جنسیەکان کامانەن. ١. هیترۆسێکسوالیتی کە پەیوەندی سێکس ژن و پیاو لەگەل ڕەگەزی بەرامبەری خۆیان. ژن لەگەڵ پیاو و بە پێچەوانە. ئەم نەوعە پەیوەندییە بە درێژایی مێژووی پیاوسالاری وەک نۆرم بۆ پەیوەندی سێکسیەکان ناسراوە.

دەرەوەی هیترۆسێکسوالیتی چەندین گرایش و خوازیاری سێکسی وەک هۆمۆسێکشوالیتی و ترانس سێکشوالیتیمان هەیە کە کورت کراونەتەوە بۆ وشەی ئێڵ جی بی تی پلوس. واتە لێزبیەنەکان، گەیەکان، بایۆسێکشواڵەکان، ترانسەکان و ئنتەرسێکشواڵەکان. ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئەم ڕەگەزانە دەرەی هیتۆنۆرماڵیتی شوناسی ڕەگەزی خۆیان هەبێت.

هۆمۆسێکشوالیتی یان هاورەگەزخوازی و ترانس سێکشواڵیتی کە لە سەدەکانی پێشودا وەک نەخۆشی دەرونی یان ئینحرافی جنسی پێناسە ئەکران، لەبەر ئەوەی زانستیش وەک هەر بەشێکیتر لە کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای پیاوسالاریە، لە سەرەتا ئەم بابەتەیان وەک نەخۆشی ناساند. لە سەدەکانی ١٧، ١٨، ١٩، بە هەزاران هاورەگەزخواز وەک حەیوان، بۆ تاقیکردنەوە زانستیەکان بەکار هێنراون و زۆریان لە ژێر ئەو تاقیکردنەوانەدا مردوون. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٣ لە ئەمریکا، ١٩٩٢ لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ١٩٩٤ لە ڕێکخراوی تەندروستی بریتانیا، ١٩٩٩ لە ڕێکخراوی تەندروستی روسیا و ٢٠٠١ لە ئەنجومەنی دەروونناسانی چین، هاورەگەزخوازی لە لیستی نەخۆشیە دەرونیەکان دەرخراون و وە بە هەڵسوکەوتێکی تەواو نۆرماڵی سێکسوالیتی و عاتفی پێناسە کراوە.

لە پەنجا ساڵی رابردووەوە هەتا ئێستا زۆر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە کراوە کە هۆکاری زۆری ژینگەیی و ژێنێتیکی و هۆرمۆنی هەن کە هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤێک گرایش و خواستەی سێکسی جیاواز و جۆراوجۆری هەبێت. واتە هاورەگەزخوازی لایف ستایل نییە، کەس بە مەیلی خۆی نابێت بە هاورەگەزخواز. هاورەگەزخوازان بە هاورەگەزخوازی لە دایک ئەبن.

بۆیە تکایە لەمە تێبگەن، کە هاورەگەزخوازی شتێکی تەواو بێئیرادەی ئەو کەسانەیە، وەک ئێمە کە هیترۆین و ناتوانین هاورەگەزخواز بین. تکایە بخوێننەوە. تکایە بەدواداچون بکەن. ئێمە میللەتێکی نەزان و نەخوێندەوارین. ئێمەی کورد میلەتێکی دژە هۆشیاری و دژە زانستین. چون نەزانی و گەمژەیی ئاسانە و ئێمەش میللەتێکی تەمەڵین. هۆشیاری و زانایی پێوستی بە ماندووبوون هەیە، پێویستی بە خوێندنەوە و سەرئێشان هەیە. تکایە تۆزێک سەری خۆتان بێشێنن بۆئەوەی لە بابەتەکان تێبگەن و نەکەونە شوێن دەنگۆ و قسەی بێ بنەمای ئەم و ئەو.

## هاورەگەزخوازی لە ناو سروشتا

زۆرجار ئارگۆمێنتی زۆر کەس کە هۆمۆفۆبن ئەوەیە کە ئەڵێن، هاورەگەزخوازی سروشتی نییە و لەگەڵ تەبیعەتی ئینسان جۆر نابێت. ئەبێت لە وەڵامی ئەم کەسانە بڵێین کە زهنیەتی ئێوە ناسروشتیە. زهنیەتی ئێوە نەخۆشە، چوون هەڵۆگیرن" ئاڵودە"ن بە ڤایرۆسی کوشندەی پیاوسالاری/ باوکسالاری. ڤایرۆسی ژەهراوی پیاویەتی.

ئێوە هیچ ئەزانن زیاتر لە ١٥٠٠ نەوعی حەیوان لەماسی و باڵندە و حەیواناتی شیرخۆر گرایشی هاورەگەزخوازیان هەیە. حەیواناتێک لەگەی و لێزبیەن و بایۆسێکشواڵن. کاتێک کە ڕەگەزی بەرامبەر دەست ناکەوێت لە نێو حەیواناتدا حەیوانەکانی نێر و مێ، لەگەڵ هاورەگەزی خۆیان جووت ئەبن. هەندێک جار تەنیا لەبەر ئەوەی کە چێژی لێ ئەبەن. یان ئەیانەوێ لەو ڕێگەوە پێش بەشەڕ بگرن یان پێوەندیەکانیان بەرفراوان بکەن. کەواتە هاوڕەگەزخوازی شتێکی زۆر نۆرماڵە لە سروشتدا. تەنانەت لە نێو ئاژەڵاندا زۆریان خۆیان خۆیان ڕەحەت ئەکەن (ماستەربەیشن).

## هاورەگەزخوازی لە مێژووی ئیسلامدا

زۆرترین سەرکوتکردن و کوشتن و زیندانیکردن و لە سێدارەدانی هاورەگەزخوازان بە تایبەت پیاوانی هاورەگەزخواز لەسەردەمی ئەورۆ، لە وڵاتە ئیسلامیەکان رووئەدات. ئیسلام و وڵاتانی ئیسلامی ئێستا گەورەترین ناوەندی هۆمۆفۆبین. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆرترین کەسانی هاورەگەزخواز یان باشتر بڵێین خێزانی ئێڵ جی بی تی ئیسلامۆفۆبن. زۆرینەی موسڵمانان چ ژن و چ پیاو بەتوندی بەرەنگاری هاورەگەزخوازی ئەبنەوە و ئەم بابەتە وەک لادانی ئەخلاقی ئەبینن. چونکە پێیان وایە کە دینەکەیان بە توندی دژی هاورەگەزخوازیە، لەبەرئەوەی کە ئیسلامی سیاسی وەهابیەت و شیعیەت لە جیانی ئیسلامیدا لە هەواداری بونیادگەرایی ئیسلامین و دژە هەر چەشنە ڕیفۆرمێکن لە ئیسلامدا، لە وڵاتەکانیاندا و یاسا بنەرەتیەکانیاندا بە توندی سزای هاورەگەزخوازی ئەدەن.

بەڵام لە راستیدا وێنەی مێژووی ئیسلام و هاورەگەزخوازی زۆر جیاوازە لە ئیسلام و ئێستای. تەنانەت زۆر جیاواز بووە لە کۆمەڵگەی مەسیحی و ئایینی مەسیحی کە پێشتر بە توندی دژی هاورەگەزخوازی بوون و لە کتێبی پیرۆزیش!! بەتوندی سزای بەر سەردا سەپێنراوە. راستیەکە ئەوەیە کە جیهانی ئیسلامی هەتا سەدەکانی ١٧ و ١٨ش یانی تا کۆتایی ئیمپەراتۆری عوسمانی، زۆر نەرم و تۆلێرانس بووە بەرامبەر بە بابەتی هاورەگەزخوازی وە مەیلە هاورەگەزخوازی لە نێوان ژنان و پیاوانی موسڵمان زۆر ئاسایی بووە و بەشێک لە هەڵسوکەوت و کەلتووری کۆمەڵایەتی بووە. تەنانەت لە ساڵی ١٨٥٨ عوسمانیەکان هاورەگەزخوازیان لە غەرامە و سزا پاککردوە. تەنانەت لە وشەی "سیحاق" بۆ پەیوەندی سێکسی نێوان ژنان بە کارهاتووە و وەک دەرمانی لابردنی خورین لە کۆئەندامی جنسی ژنان لە لایەن حەکیمە پزشکیەکانی عوسمانیەکان، پێناسە کراوە.

ئەگەر خوێندنەوە بۆ ئەدەبیات و نوسین و دەقە ئیسلامیەکان لە مێژووی کۆن و ناوەراستی ئیسلام بکەین بە سەدان وێنە و شیعر و دەقمان بەردەست ئەکەوێت کە بە ئاشکرا و بێ هیچ شەرمێک باسی خۆشەویستی و تەنانەت هاوخەوی پیاو بۆ پیاو کراوە. لە دەقی نووسراوە مێژوویەکانی ئیسلامدا زۆرجار باس لە پەیوەندی خۆشەسیستی و جنسی پاشا و خەلیفە ئیسلامیەکان و بگرە دادوەرەکانیش. شەمس الدین زهبی(ز١٢٧٤) لە کتێبەکەیدا کە لەسەر مێژووی ئیسلامە بە ناوی"تاریخ الاسلام" باسی لە هاورەگەزخوازی وەلید بن یەزید (٧٤٤ز) ی کردووە کە خەلیفەی یانزەهەمی ئەمەویەکان بووە. هەر تەبەری( ٩٢٣ز) باسی هەمان بابەت دەکات کە ئەمین (٨١٣ز) خەلیفەی عەباسیەکان پەیوەندی خۆشەویستی و جنسی لەگەڵ پیاوان بووە. تەبەری ئاماژە بەوە ئەکات خواستی هاورەگەزخوازی خەلیفە ئەمین ئەونە بەهێز بووە کە لە هەر کوێ بووە و بۆ هەر کوێ چووە پیاوانی گەنجی لەگەڵدا بووە و پەرێزی لە خەوتن لەگەڵ ژنان کردووە. وە زۆر نمونەی دیکەی وا. هاورەگەزخوازی بەو شێوە پەسەند و باو بووە لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەو کاتەدا کە ئەوترێت، ژنان لەو سەردەمەدا زۆر غیرەییان لە پیاوان کردوە و هەوڵیانداوە وەک پیاو جل لەبەر بکەن و وەک پیاو هەڵسوکەوت بکەن، بۆ ئەوە سەرنج راکێش بن بۆ پیاوان.

رەفاعە رافع طهطاوی، زانای میسری و یەکێکە لە زاناکانی جیهانی ئیسلام، کە لە سەدەی نۆزدەدا ژیاوە، لە سەفەرێکی خۆیدا بۆ پاریس و مانەوەی لەوێ بۆ ماوەی چەند ساڵێک، لە وتار و نوسینەکانی سەبارەت بەو سەفەرە باس لە کەلتووری خواردن و هەڵسوکەوتی فەرەنسیەکان ئەکات. بەڵام بە شێوەیەکی سەیریش سورپرایز ئەبێت وئەڵێت: "زۆر سەیر بوو، پیاوانی فەرەنسی تەنیا حەزیان لە ژنانە، و مەیلیان بۆ پیاوانی لاو نییە و ستایشی جوانیان ناکەن و زۆریش دژین و شەرمی لێئەکەن. هەروەها ئەدەبیاتی فەرەنسی ئەوەنە دەوڵەمان نییە بۆ وەسف کردن و باس کردنی خۆشەویستی پیاو بۆ پیاو".

هەروەها لە قورئاندا بێجگە لە چیروکی پەیامبەر "لوت" و قەومەکەی باسی نەهی سێکسی پیاو لەگەڵ پیاوی نەکردووە. چیرۆکی لوتیش وەک بابەتێکی تایبەت کە سورەتێکی بۆدانرێت گرنگی پێنەدراوە، بەڵکو بە شێوازێکی بڵاو لە چەندین سورەت وەک (ئەعراف، هود، حەجەر ئەنبیا، نەمەل، عەنکەبوت، سافات، زاریات و قەمەر) ئاماژەی پێکراوە. لە هیچ کوێی قورئان باسی ڕەتکردنەوەی هاورەگەزخوازی وسزادانی نەکراوە وە لە هیچ کوێی قورئاندا باس نەکراوە کە حۆریەکانی بەهەشت ژنن. بەڵکو بە پێچەوانەش، وەعد بە موسڵمانان دراوە لە بەهەشت بێجگە لە حۆری غەڵمانیان پێ ئەدرێت، کە لە بەهەشت چاوەروانی موسڵمانان ئەکەن و کاتێک ئەیانبینی وا ئەزانیت مروارین و بەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە یۆنانی کۆندا هاورەگەزخوازی نۆرمێکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بووە لە جیهانی ئیسلامیشدا بە هەموو جەمسەرەکانیەوە بە شیعە و سوننەوە وەک

بۆ لاپەڕە 11



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوكایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆركردن، یان ناچاركردنی ژنان بە خۆكوژی، دیاردەیەكی شەرماوەری كۆمەڵگەی كوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێكردنی بنەماو هۆكارە سەرەكیەكانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و كۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی كردۆتەوە كە لەهەر ژمارەیەكی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەكسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەكر

پرسی ژن ؟



# ژن لەنێوان و كۆمەڵگە و توندوتیژیدا"

## نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەكر

بەگوێرەی سەلماندنی  بەڵگەكان و هەواڵەكان و راپۆرتی مافەكانی ژنان و ئەوەی كە خۆمان دیتومانە  لەهەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژیش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت یان چ بە شێوەی ئاشكرا، توندوتیژی سنووری نییە، ژنان چ لە ماڵەوە بن، چ لە دەرەوە بن، چ خوێندوار بن، چ نەخوێندوار و سەرقاڵی كاری نێو ماڵ بن، چ لە بواری ئابوری دەوڵەمەند بن و چ هەژار و دەست كورت بن، چ جوان بن و چ ناشرین بە شێوەیەک لە شێوەكان و بە جۆرێک لە جۆرەكان لەلایەن نیزام سیستەمی سیاسی و  پیاوانەوە تووشی توندوتیژی جینسی، دەرونی، كۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێكسیش دەبنەوە. توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەكی جیهانییە و لە ئێستادا هەموو میدیاكانی بە خۆیەوە سەرقاڵ كردوە، كۆمەڵێک تایبەتمەندی كلتوری و كۆمەڵایەتی و و سیاسی و ئابوری لە پشتە، ئەگەرچی  بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان كات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی چ بە كۆمەڵگەی پێشكەوتوو و چ بە كۆمەڵگەی دواكەوتوو دەگرێتەوە. ژنان لە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دا لە لایەن باوک، برا، هاوسەر، كەس و كاری نزیک وەک خاڵو و مام و تەنانەت ئاموزا و خاڵوزاش بەرەو ڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەپێی دەرەنجامی لێكۆڵینەوەكانی چالاكانی مافی مرۆڤ ناوەندەكانی تەندروستی توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی كە كاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک، بەڵكە كاریگەرییەكی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لەسەر تەندروستی خێزان و كۆمەڵگە، دەبێتە هۆی ئەوەی كە شیرازەی خێزان و كۆمەڵگەش لێک بترازێت.

 توندوتیژییەكانی دژی ژن مێژوویەكی دوورو درێژی هەیە، ڕووداو و ڕادەی توندێتی كردەكان لە كاتێكەوە بۆ كاتێكی تر و لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تریش دەگۆڕدرێت. ئەم كردە توندوتیژییە بە ڕێكار و شێوازێكی چەوساندنەوە و داپڵۆسینی ژن دادەنرێت چ لە كۆمەڵگە یان پەیوەندی تاكەكەسی دا بێت و دەكرێت هۆكارەكەی بگەڕێتەوە بۆ هەستی (خاوەندارێتی، باڵادەستی، سروشتێكی دەروونی توندوتیژانە و كینەیەكی زكماكی) بەرامبەر بە ژن لەلایەن كەسی توندوتیژەوە.

**بەگوێرەی سەلماندنی  بەڵگەكان و هەواڵەكان و راپۆرتی مافەكانی ژنان و ئەوەی كە خۆمان دیتومانە  لەهەر شوێنێك ژن هەبێت توندوتیژیش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت یان چ بە شێوەی ئاشكرا، توندوتیژی سنووری نییە، ژنان چ لە ماڵەوە بن، چ لە دەرەوە بن، چ خوێندوار بن، چ نەخوێندوار و سەرقاڵی كاری نێو ماڵ بن، چ لە بواری ئابوری دەوڵەمەند بن و چ هەژار و دەست كورت بن، چ جوان بن و چ ناشرین بە شێوەیەك لە شێوەكان و بە جۆرێك لە جۆرەكان لەلایەن  نیزام سیستەمی سیاسی و پیاوانەوە تووشی توندوتیژی جینسی، دەرونی، كۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێكسیش دەبنەوە.**

ڕاگەیاندنی نەتەوە یەككگرتووەكان دەربارەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەڵێت "توندوتیژی دژی ژنان بریتییە لە بەرجەستەبوونی پەیوەندییە مێژوویە نایەكسانەكانی نێوان ژن و پیاو وە توندوتیژی دژی ژنان یەكێكە لە ڕێكار و شێوازە سەرەكییەكان كە ژنان بەزۆر و ناچاری دەخرێنە ئاستێكی نزمتر و كەمتر بە بەراورد بە پیاوان."سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان، كۆفی ئەنان لە ڕاپۆرتێكی ساڵی ٢٠٠٦ كە لە ئابوونەی پەرەپێدانی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ ژنان بڵاوكرابووەوە ڕایگەیاند: توندوتیژی دژی ژنان و ژنان كێشەیەكی گشتگیرە و لە جیهان دا بەلایەنی كەمەوە هەموو سێ ژنێک دانەیەكیان ڕووبەڕووی لێدان، سێكسی زۆرەملێ یان دەستدرێژی بووتەوە لە خاڵێک لە خاڵەكانی ژیانی دا كە زۆرجار كەسی دەستدرێژیكەر كەسێكی ناسراوی ژیانی ژنەكە بووە.

توندوتیژی دژی ژنان دەچێتە خانەی چەند پۆل و بوارێكەوە وە توندوتیژی لەلایەن تاكەكەس و دەوڵەتیشەوە ئەنجام دەدرێت. هەندێک لە جۆرەكان كە لەلایەن تاكەكەسەوە ئەنجام دەدرێت (لاقەكردن، توندوتیژی خێزانی، دەستدرێژی سێكسی، منداڵ خستنەوەی زۆرملێ، كوشتنی كچە ساواكان، دیاریكردنی ڕەگەز پێش لەدایكبوون و توندوتیژی پێش لە دایكبوون) و هەروەها كردە باو و نەریتییەكان وەک (كوشتن لەسەر نامووس، توندوتیژی لە كاتی دەستگیرانیدا، خەتەنەكردنی ژنان، هاوسەرگیری لەڕێی فڕاندن و هاوسەرگیری زۆرەملێ). ئەو توندوتیژییانەی لەلایەن هەندێک لە دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێت (لاقەكردن لە كاتی جەنگ دا، توندوتیژی سێكسی و كۆیلەكردنی سێكسی لە كاتی ناكۆكییەكان دا، نەزۆككردنی زۆرەملێ، منداڵ لەباربردنی زۆرەملێ، توندوتیژی لەلایەن پۆلیس یان كەسانی دەسەڵاتدار، بەردبەباران كردن و بەقامچی لێدان) و چەند شێوەیەكی تری توندوتیژی وەک بازرگانیكردن بە ژنان و لەش فرۆشی زۆرەملێ...

## كرێكاران،
## زەحمەتكێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!


**بڵاوكراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی كۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەكۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەكۆیەكی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فكر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوكارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فكری و حزبییەكانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەكانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك كە لە كۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەكرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەكۆیەك و مینبەرێكە لە بەرەی شۆڕشی كۆمەڵایەتی چینی كرێكاردا، بۆ ژێروژوركردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی سۆشیالیستی...**


**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەركی پێناسەكراوی خۆی سەركەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەكانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەكانتان، لە كێشەو گیروگرفتەكان و ڕێگریەكانی بەردەم خەبات و یەكگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بكەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بكەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەكەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی كار و قوربانیانی، هەواڵی سەركوت و دزی و تالانی دەسەڵات و كۆمپانیاكانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەكانیان، هەواڵی پێشێلكاری ئازادیە سیاسیەكان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەكان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەكۆی ڕاستبێژی و مەیدانێكی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەكی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەكی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا





# پێنج کورتە شیعری: خالید

1-

باوکم دەیوت:

ئەگەر بم زانیایە

ژیان ئەوەندە پیس وچڵکنە

پایزێکی خە مبارو خە مڵیوو

گەڵارێزانە

گەڵا وەریوەکانی

هەرلەسەرشانی هەژارانە

هیچ کات لە دایک نەدەبووم

بەلام چی بکەم!

وە کو گولله منیان تەقاندەوە دونیا

2-

دوینی شەو!

پەلە هەوریک

منی لەگەڵ خۆی بردو

لە کولان و شەقامەکانی

وڵاتی غوربەت وغەریبی دا

بزری کردم

3-

کوترەکان!

کە دیتیان: قەفەسەکان

هیچ کوترێکی تیا نییە !

نامەیەکی خوشەویستییان

بۆ گشت ئینسانەکان نووسی....

4-

ئاواتەکانمیان!

هەرلەکاتی لە دایک بوونمدا

زیندە بەچاڵ کرد

هەربۆیەش ئێستا

بێ ئاوات ئەژیم !

5-

ژنێک !

بۆ بژێووی ژیانی

خۆی و منالەکانی

ئاواتە نەپشکووکانی

یەکە یەکە دەفرۆشت

بەلام....!

پێیان دەوت:

لەش فروش....

بەلام...!

سەرکردەیەک

بست بە بست

ولاتەکەی دەفرۆشت

بەلام خەڵک

پێیان دەوت:

وڵات پاریز

خوشەویست و بەرێز!




# بەشێکی تر لەدەقی قسەی من بۆ مردویەك



ئەگەر لەخوا نەترسامایە

خۆم ئەدایە بەر گوللەو

شمشێرێکی ژەنگاویم

لەجەستەی خۆمدا دەڕواند

هەموو پەنجەرە داخراوەکانم

ئەدایە بەرد بەردو و

ئەمشکان

زۆرجار پێمووتی سێبەری

دڵی من بەکەڵکی ئەوەنایێت

بیدەیت بەکۆڵتاو

کۆڵانەو کۆڵان لەگەڵ خۆتدا

بیگێڕیت

من دەمێکە هاوار دەکەم و

ئەڵێم

باڵەتوڕەبونی مندا

وەقرەدەگرێت و

هێور هێور دەبێتەوە

ئەگەر لەخوا نەترسامایە

شووشەم بەپەنجەرەی

ماڵەکەتانەوە

نەدەهێشت

هەموو ئینجانەکانم بۆ

پڕدەکردیت

لەتێزاب نەمدەهێشت یەک

گوڵ لەباخەکەتانا بڕوێت

بەبنکەی پۆلیسی

گەڕەکەکەتانم دەووت

ئەو ماڵە شەوانە درۆ

دروستدەکەن و

لەسەر شەقامەکان دەیچێنن

ئەگەر لەخوا نەترسامایە

هەموو نامەکانم ئەسوتانیت

و ئەمدایە

دەست ڕەشەباو سەرم

لەقوڕ دەگرتیت و

نەمدەهێشت شیعرێکم

بخوێنیتەوە

نەمدەهێشت پێم بڵێیت

کراسەکەت

بۆنی عارەقی لێدێت

پەنجەکانی قاچت

لەگۆرەویەکانەوە هاتۆنەتە

دەرەوە

ئەگەر لەخوا نەترسامایە

چۆن دەمهێشت بەکۆڵانەکانی

ڕۆحما بڕۆیت و

دوایش بوختانم بەدەمەوە

بکەیت و

بڵێیت دەستی خستۆتە

ناودڵمەوەو

درۆی گەورە گەورەم

تیادەنوسێتەوە

من شەرم لەخۆم دەکەم

کەدەستی تۆمگرت و وتم

بابڕۆین

بۆگۆڕستان و نامەی ئەو

مردوانە

بخوێنینەوە کەبەدڵشکاوی

سەریان نایەوە

ئەگەر لەخوا نەترسامایە

نەمدەشوبهانی بەمریەم و

ملوانکە مێخەکەکەی دایکمم

نەدەکردە ملت

پێمنەدەوتیت ئەڵا چەندە

بۆنت خۆشە

کوتومت بۆنی دایکمت

لێدێت

هەرچیدەنوسیت بنوسە

بەس مەنوسە خۆشمدەوێیت

.........

میرزا

## دەمەتەقێ...

# خالید بایەزیدی: من شیعرەکانم فرمێسکەکانمە!

## گفتوگۆی هونەرمەند کاوان قادر لەگەڵ خالید بایەزیدی"دلێر" ی شاعیردا




**کاوان قادر: سڵاو کاک خالید حەزدەکەم لە زمانی خۆتەوە بۆ خوێنەرانی بۆپێشەوە کەمێک باس لەو هۆکارانە بکەیت کە چۆن هۆگری شیعرو ئەدەبیات بوویت؟ کاک خالید دەیەوێت بۆ کێ بنوسێت؟**

**خالید بایەزیدی:** سوپاس کاک کاوان بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە، وە سوپاسی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە دەکەم کە بێوچان ئەو کەسانە بەسەر دەکاتەوە کە لەم کۆمەڵگە بێ نازو بێ ناونیشانە ماندوو دەبن.

بێگومان زۆرینەی شیعرەکانم رەنگدانەوەی ژیان و یادگارییەکانی خۆمە، من وەکو تاکێکێکی دابڕاو نا، بەڵکو وەک بەشێک لەو چینە هەژارەی کە ماندوو دەبن و دەست ڕەنجیان دەچێتە گیرفانی ژمارەیەکی کەم لە سەرمایەدارەوە، ئەو کاتەی کە باوکم بەیانی تاکوو شەو درەنگان لە مەعدەنی بەرد کریکاری دەکرد وماندوو هیلاک دەهاتەوە ماڵەوە، بەو منالّییەی خۆمەوە بەزەیم پێیدا دەهاتەوەو هەزاران پرسیارم لا دروست دەبوو! کە بوچی باوکم ئەوەندە ماندوو دەبێت و ئێمەش کەچی هەر فەقیرین، بەڵام خاوەنکارەکەی هیچ کار ناکات هێشتا ئەوان ژیانیان خۆشترە لە ئێمە؟! ئەو هەستانە زۆرجار دڵیان شکاندووم و بەڵام لەگەڵیشیان گەورەبووم، هەر ژیانی من وا نەبوو، هاوڕێکانم بەگشتی ئەو هەستەی منیان هەبوو ئەوانیش هەرلە خانەوادەی هەژار بوون.

ئێمە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەوە بووین کە بەژیانمانەوە پەیوەست بوو، ئەو کاتە کومەڵێک شیعری کریکاری شاعیرانی کورد و فارس و جیهانیمان بەردەست دەکەوت و دەمانخویندەوە تا ئەوەی کە ئەوەندەم کتیب خویندنەوە و مێشکم پرببوو لە پرسیارو وەڵامە شاراوەکان. بۆیە بڕیارمدا منیش قەڵەم هەڵگرم و شیعری کریکایی بنووسم، فێربووم کە چۆن هەوێن بۆ شیعرەکانم هەڵبژێرم. ئێستە پێم وایە ئەوە من نیم کە هەوێن بۆ شیعرەکانم هەڵدەبژێرم، بەڵکوو ئەوە ژیانی ئەو منالّە هەژارانەن کە لەکوڵان و شەقامەکان بویاخ دەکەن، دەستفروشی دەکەن و لەملاو لەولا کریکاری دەکەن، یا ئەو کریکارەی کە لە بینایەک دەکەوێتە خوارو گیانی لەدەست دەدات و دڵی ئینسانی بە ویژدان دێنێتە ژان، من شیعرەکانم فرمێسکەکانمە، چاوەکانم قەتیس دەکات، ئێمە لە ژیانێکدا دەژین هیچ جوانییەکی تیا نابینم بە غەیری چەوساندنەوەو نایەکسانی، ئینسان ناچارەو ئەمرێکی واقیعییە کە شەڕ بۆ ئەو ژیانە بکات کە لێی زەوتکراوە، من جگە لە شیعر هیچ شک نابەم، شیعر دەنووسم و شیعر هاوار دەکات بمنووسەوە.... کاتێک کە ژنێک، کچێک بە تاوانی خوشەویستی دەکوژرێت، تەنیا شیعر لە دەرگام دەدات و تووڕەیی



خۆم لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری دەردەبڕم وە ئەگەر ڕوژێک ژنێک نەکوژرێت، منالێک بۆ بژیوی ژیانی کار نەکات وە کرێکارێک بەدەست سەرمایەدار نەچەوسێتەوە، بێگومان ئەوکات منیش شیعر تەنیا و تەنیا بۆ خۆشەویستی مرۆڤەکان دەنووسم...


## گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

## دوو بەرهەمی هونەرمەند هیوا ساڵح





## هیوا ڕەش: نەک هیچ هەنگاوێکی کاریگەر و بەرچاو نەنراوە بۆ قوربانیان و ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی دژە مرۆیی و پاکتاوی ڕەگەزی، بەڵکو ڕۆژانە قەتماغەی برینەکان هەڵدەدرێنەوە و دەکولێنەوە. کێبڕکێی نێوان دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە یا باشتر وایە بڵێم دو بنەماڵە خۆسەپێنەکە پیرۆزیەکانی دزێو کردوە ...

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز هیوا ڕەش سەبارەت بە کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان ناسراو بەئەنفال...**

**وەکو پێشمەرگەیەکی دێرین و دانەبڕاوی حزبی شیوعی لە چەقەری دڕندایەتیەکانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا ژیاوم، و زیاد لە سال و نیوێک دوای ئەنفالەکان بە بریندار لە لایەن ئیستیخباراتی کەرکوکەوە دیل کرام.پاشان بە کەمکردنەوەی سزاکەم لە لەسێدارەدان بۆ سزای بەندکردنی هەتا هەتایی، و دوای 2 سال زیندانی لە وتووێژی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمدا بەرامبەر بە ئەفسەرە پلە بالا دیلەکانی سوپای عێراق لە ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١دا ئالوگۆڕمان پێ کرا و ئازاد بووین ...**

**بۆپێشەوە: دوای٣٣ سال بەسەر تاوانی ئەنفالدا، تەنها دەوترێت ١٨٢ هەزار کەس ئەنفال کراوە، بەڵام هێشتا ئامارێکی فەرمی نییە، کە نیشانی بدات بە دەقیقی قوربانییەکانی چەند کەسن؟ چەندیان پیاو یان ژنن، چەندیان منال و بەتەمەنن؟ وە چەندیان ڕزگاریان بووە، هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**هیوا ڕەش:** پێم وایە ژمارە پێوەر نییە و لە قەوارەی دڕندایەتی ڕژێمی بەعس و پەلاماری نامرۆڤانەی ئەنفالەکان ناگۆڕێت و کەم ناکاتەوە. جا چەند ژن یا پیاو، پیر یا منداڵ بن گرفت نییە؟ ئەوەی دوژمن لە دەستی هاتووە و توانیویەتی بیکات؟ ئەنجامی داوە، گرنگ چۆنێتی و مەرامی پرۆسەکەیە کە مۆرکی جینۆسایدی لەخۆ گرتبوو. بەڵام کە ئامارێکی ورد لەبەر دەستدا نییە ئەمەیان بۆ خەمساردی دەسەڵاتی کوردی دەگەڕێتەوە، و دەکرا هەم ئامار و هەم دۆکیۆمێنتی زۆر زیاتر لەوەی ئێستا لەبەر دەستدا هەبن ...

**بۆپێشەوە: دوای ٣٣ سال بەسەر تاوانی ئەنفالدا، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، ئەو کەیسەیان وەکو سەرمایەی سیاسی بەدەستەوە گرتووە، کەچی بۆ قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری قوربانیانی ئەم تاوانە کەمترین هەنگاو نانێت، چۆن دەڕواننە ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسی؟**

**هیوا ڕەش:** هیچ قەرەبوویەکی ماددی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان بەقەد قەرەبوی مەعنەوی کاریگەری نییە، ئەوەش لە ڕێز و دڵنەوایی و بەسەر کردنەوە و بە دەنگەوە چوونیان و گەڕاندنەوەیان بۆ ژیدی خۆیان، و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان سەرچاوە دەگرێت، نەک وەکو ئێستا بە بەرچاویانەوە ئەنفالچیان داڵدە بدرێن و سالانە لە یادەکاندا لەگەڵ نمایشی حزبی سوالی سیاسیان پێ کۆبکرێتەوە. دەتوانم بڵێم ئەنفال لە باتی ئەوەی بکرێ بە




پرسێکی نەتەوەیی لە گرێژنە دەریان کردوە و بە ئاقاری نەخوازراودا براوە، ئەویش لە بە کالاکردن بۆ بازرگانی سیاسیدا خۆی

**دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داوای ئەنفالچیان دەکا تا لێپێچیەوەیان لەگەڵدا بکرێت، لە بری پێشوازی لە بڕیارەکە پارتی و یەکێتی داڵدەیان داون و ئامادە نین ڕادەستیان بکەن، لەوەش قێزەونتر پۆست و پارەی خەڵکیشیان خستوتە خزمەتیان...**

دەبینێتەوە ...

**بۆپێشەوە: لەئاستی فەرمی و نێو دەوڵەتیدا، چ هەنگاوێکی بەرجەستە نراوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال و هەروەها هەڵەبجە؟ بۆ بەسزا گەیاندنی تۆمەتبارانی ئەو تاوانە؟ بۆ بە جینۆساید ناساندنی؟**

**هیوا ڕەش:** غەمی گەورە لێرەدایە! نەک هیچ هەنگاوێکی کاریگەر و بەرچاو نەنراوە بۆ قوربانیان و ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی دژە مرۆیی و پاکتاوی ڕەگەزی، بەڵکو ڕۆژانە قەتماغەی برینەکان هەڵدەدرێنەوە و دەکولێنەوە. کێبڕکێی نێوان دوو حزبە دەسەڵاتدارەکە یا باشتر وایە بڵێم دو بنەماڵە خۆسەپێنەکە پیرۆزیەکانی دزێو کردوە، و زەمینەیەکی وای ڕەخساندوە کە شەهیدانی سەنگەر و ئەنفالکراوانی بارزانی و فەیلیەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالە گەورەکان، تێکەڵ بە کۆڕاوی جاش و خیانەتکاران کراون و لەوتێنراون و لە بەهایان کەم کردونەتەوە. هیچ هەنگاوێکیش بۆ بەسزا گەیاندنی تاوانباران نەنراوە و ناندرێت. بەڵکو تا ئێستا هەر پایەی حزبیان پێ تۆکمە کراوە و دەنگەکانی هەڵبژاردنیان پێ کۆکراوەتەوە. بۆ نموونە: دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داوای ئەنفالچیان دەکا تا لێپێچیەوەیان لەگەڵدا بکرێت، لە بری پێشوازی لە بڕیارەکە پارتی و یەکێتی داڵدەیان داون و ئامادە نین ڕادەستیان بکەن، لەوەش قێزەونتر پۆست و پارەی خەڵکیشیان خستوتە خزمەتیان، بۆیە بە هیچ کلۆجێک چاوەڕوانی هەڵوێستی جوامێرانە لە دەسەڵاتدارانی هەرێم ناکرێ دەرهەق بە سزادانی ئەنفالچیان ...

**بۆپێشەوە: لاتان وایە دەبێ چ بکرێت، بۆ ئەوەی تاوانکاری لەشێوەی ئەنفال و هەڵەبجە… دووبارە نەبێتەوە؟ دەوڵەتی عێراق لەوبارەیەوە چی دەکەوێتە ئەستۆ؟**

**هیوا ڕەش:** جگە لە یەکریزی و یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد هیچ زامنی نییە بۆ دوبارە نەبوونەوەی ئەنفال، بەڵکو تا ئێستا بەردەوامی هەیە و هەروەکو لەم دواییەدا بینیمان چۆن بە لەشکری بێ شومار و جبەخانەی زەبەلاح و پشتیوانی دەوڵەتانەوە هەڵیان کوتایە سەر کەرکوک و خانەقین و دوز و شەنگال، ئەوەش بە پێی کات و شوێن، قەوارە و سەنگی هەنوکەیی حکومەتی عێراق دریژەدان بو بە ئەنفال بە جۆرێکی تر ...

بە داخەوە لەم دەسەڵاتەی ئێستای هەرێمیش ناوەشێتەوە مەردانە بێنە مەیدان و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی نەکەنە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، ئەوان حزبیان خستوتە پێش نەتەوە و گیرفانیشیان لە نیشتمان خۆشتر دەوێ، بۆیە بەم حاڵەوە بە ڕای من ئاینده مژدەبەخش نییە و هەمان مەترسی جاران وەکو ملۆزم سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکا و گەرەنتیەک نییە بۆ بەرگرتن لە نەهامەتی تر ...

**بۆپێشەوە: کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال، دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیسی ئەنفال و قوربانیەکانی بکەن؟**

**هیوا ڕەش:** ئەمە مایەی نیگەرانیمە و زۆرم پێ سەیرە! کەسوکاری ئەنفالکراوان دەبێ خۆیان لە گوێڕایەڵی کوێرانەی حزبەکان دەرباز بکەن و بە وتاری سۆزاوی سالانە و بەڵێنە درۆکانیان باوەڕ نەکەن، هەروەها دەسبەرداری بەرژەوەندی کاتی خۆیان بن و لە گەورەیی کەیسی ئەنفال کەم نەکەنەوە و پێداگر بن لەسەر:

١ - ڕادەسکردنی ئەنفالچیان بە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ...

٢- لێپرسینەوە لەوانەی چەندین ساڵە داڵدەیان داون ...

٣ - کاراکردنی زیاتری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بە مەبەستی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریەوە ...

٤ - بە ( منهج ) کردن و خوێندنی ئەنفال و لێکەوتەکانی لە هەمو قوناغەکانی خوێندن بە بایەخەوە ...

## درێژەی...هاورەگەزخوازی چییە و بۆچی هەندێك كەس هاورەگەزخوازن؟

(عوسمانیەکان، سەفەویەکان، قاجاریەکان و مەغولەکان) ئەوکارە و ئەو پەیوەندیە رۆمانیک و ئێرۆتیک و سێکسیە لەگەڵ هاورەگەزی خۆت، ئاسایی و دانپێدانراو بووە. زۆر لە مێژوونوسان لەو باوەڕەدان ئەوکات جیهانی ئیسلام لە چاولێکەری یۆنانەکان خواستی هاورەگەزخوایان تیا بووە بە نۆرم. کە دەکرێت بە پێچەوانەشەوە بێت. چون هاورەگەزخوازی چ لە نێوان ژنان و چ لە نێوان پیاوان ریشەی زۆر کۆنتری لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوین هەیە. وەک چون یۆنانیەکان پردی گواستنەوەی شارستانیەت و زانست بوون لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوای بەربەر و وەحشی، وەک گواستنەوەی زانستی پزیشکی، هونەر، مێعماری، ئەستێرەناسی، ماتماتیک وهتد دەکرێت کە یۆنانیەکان کەلتووری هاورەگەزخوازیشیان لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان فێر ببوون.

بەڵام بۆ لە رۆژی ئەمرۆ، زۆرترین تاوانی هۆمۆفۆبی لە وڵاتانی ئیسلامی ئەکرێت، چی بوو کە جیهانی ئیسلامی ئاوا گۆرا و هاورەگەزخوازی بوو بە تاوان و تفی لێکرا. زۆر لە مێژونوسان و زانایانی رۆژهەڵاتی لەو باوەڕەدان کە هۆمۆفۆبی لەگەڵ مێژووی کۆلۆمیالیزمەوە لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکردووە. هاوکات لە گەڵ کۆلۆنی کردنی هیند و میسر. ئەوروپاییەکان لەگەڵ داگیرکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و داسەپاندنی کەلتووری خۆیان بەسەر کەلتووری وڵاتانی کۆلۆنیزەکراو، بوونە هۆی دروست بوونی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی بوونیادگەرا. یەکێک لەو کەسانە کە ئەم بیرۆکەیە هەیە و بە توندی ئایدیاکەی ئەپارێزێت، "جۆزێف مەسعەد"ە کە لەزانکۆی کۆلۆمبیا وەک پرۆفیسۆر لە بواری سیاسەتی هاوچەرخی عەرەبی وانە ئەڵێتەوە. مەسعەد پێی وایە داگیرکەری کەلتووی رۆژئاواییەکان بوونەتە هۆی توندوتیژی لە وڵاتانی ئیسلامی بە تایبەت ئەو ڕێکخراوە جیهانیەکانی هاورەگەزخوازان وەک" گەی ئینتەرناشناڵ" هۆکاری رقی کۆمەڵگەی ئیسلامی لە هاورەگەزخوازین. چون پێی وایە ئەوان ئەیانەوێت پێناسەی خۆیان بەسەر کەسایەتی و هەڵسوکەوتی پیاوان لە وڵاتانی عەرەب داسەپێنن.

لودڤیک محەمەد زاهید، ئیمانی موسڵمانی فەرەنسا لە مارسەی، سەبارەت بەم مژارە ئەڵێ: "لەگەڵ هاتنی داگیرکەری رۆژئاوایی، ئەوان وایان ئەزانی کە ئێمە تەمەڵ و پاسیف و لاوازین. وەک پیاوی عەرەب ئەبێت بە هێز و زیرەک و پیاوانە بین. مێژووی ئەڵمانیا ئەوەمان پێئەڵێت کە چۆن دوای شکستی ئەڵمانەکان لە شەڕی جیهانی یەکەم نەتەوەگەریی زۆر بوو. ئەم بابەتە وەک عەشیرەگەریە و بەس. ئەمە واتە کوشتنی هەر کەسێک کە دژی عەشیرەکەی من بێت. هەر کەس کە داب و نەریتی عەشیرەکەی من بە هەند وەرنەگرێت و قەبوڵی نەکات ئەیکوژم".

ئەوروپاییە کۆلۆنیالیستەکان کە پەیڕەوی هیترۆپیاوسالاری و هیترۆنۆرمالیتی بوون، پیاوانی موسڵمانیان وەک پیاوی بەهێز کە پیاوانەیە و بکەرە، گاڵتەیان پێ ئەکردن. لەو بارەیەوە لودڤیک محەمەد زاهید، ئەڵێ: "لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، عەرەبەکان لە مێژووی کۆنی خۆیان شەرمەزار بوون. ئەوان دەستیان کرد بە سانسور و پاککردنەوە لە هاورەگەزخوازی، بۆئەوەی مێژویی خۆیان پیاوانەتر نیشان بدەن. هیچ نیشانەیەک نابێت لە ژنانە بوون و هاورەگەخوازی پیاوی عەرەب بمێنێتەوە. بەم شێوە بوو کە ئێمە گەیشتینە ئەم شوێنەی کە ئێستا تێیداین".

بە وتەی ئەم کەسانە، کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوایی لەگەڵ خۆی کەلتوور و مۆدێلی هیتۆپیاوسالاری هێناوە.

**ماویەتی...**

## درێژەی دوا وتە

حزبەکان بە تایبەتیش یەکێتی و گۆڕان بەشدار لەحکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی تالانچی هەرێمن، بەڵام هەمیشە لەبەرامبەر بە پێگە و دەستڕۆشتووی پارتیدا، لە ئاستی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و میدیاییدا، وەکو ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت!! و دەسەڵات دەردەکەون، بەتایبەتیش لەدۆخی نارەزایەتی فراوانی جەماوەریدا دەیانەوێت بەخۆ دەرخستنیان وەکو ئۆپۆزیسیۆن، لەلایەکەوە خۆیان بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری هەڵبواسن و لەلایەکی تریشەوە گوشار بخەنە سەر پارتی تا پشکی پۆست و داهات و بەشداری سیاسی زۆتریان بۆ بەفەرمی بناسێت.

پارتی کە ئاشنای مامەڵەی بودەڵەی حزبەکانەو دەستی حزبەکانی لای کەشفە، لە ساڵ و نیوی رابردوودا هەر بانگەوازێکی بۆ کۆبونەوەی حزبەکان کردبا، حزبەکان لەدۆخی بێ موچەیی و لێبرینی موچە و تورەیی جەماوەری و ئاڵۆزی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدادا، ئامادەی کۆبونەوە لەگەڵ پارتی و جێگری سەرۆکەکەی نەدەبوون، بۆیە پارتی لە هەڵبژاردنی ئەو تەوقیتەدا کە دوای ڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر پشکی بودجە بوو، توانی حزبەکان رابکێشێتە بەردەم بارەگای ڕەحمەتی خۆیی و کۆبونەوەکە بەبەشداری زوربەی حزبەکان سازدرا.

کۆبونەوەی جێگری سەرۆکی پارتی لەگەڵ حزبەکان، لەگەڵ ئەوەدا بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لە کۆبونەوەکە، نەیتوانییوە تەبایی بخاتەوە جێگای گرژیەکان و ریزەکانیان ڕیک بخاتەوە، بەڵام ئەوە هیچ لەو راستیە کەم ناکاتەوە کە پارتی بەم کۆبونەوەیەی گورزیکی تری سرەواندە بۆڵەو نارەزایەتی حزبە سیاسیەکان و هەموویانی ناچار کرد، ئامادەی کوبونەوەکە ببن.

دیارە هێشتا روون نییە چارەنووسی ڕێکەتنی بەغداو هەولێر لەسەر بوجە، چۆن دەبێت و تا چەندە برِ دەکات، بەڵام ئەوە دیارە کە پارتی کاراکتەری سەرەکی ململانێی لەگەڵ بەغدا و لایەنی زاڵی سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستانەو پرسی بودجە و پرسە سیاسیەکانی تریش لە پەیوەند بە کوردستان و عیراق و ناوچەکە، لە ژێر هەیمەنەو دەسەڵاتی پارتیدایە، هەر ئەوەش وای کردووە کە حزبە سیاسیەکانی تری هەرێم، سەرباری هەر رەخنەو زبری و ئاڵۆزییەک کە لەگەڵ پارتی هەیانە، هەمیشە چاو لەدەستی پارتی بن، بەتایبەتیش کە حزبەکانی تری ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، هەڵگری هیچ پەیام و ئەجنداو پرۆژەیەکی سیاسی دیاریکراو و سەربەخۆ نین و زۆتر لە چوارچێوەی کاردانەوەو نارەزایەتی روکەشدا دەردەکەون.

بە کورتی کۆبونەوەی جێگری سەرۆکی پارتی لەگەڵ کەسی یەکەمی حزبە بۆرژوازییەکانی کورد، لە دوای ڕیکەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر بەشی بوجە هەرێم، هەنگاوێکی بەنەخشەی پارتی بوو بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکانی نێوان خۆی لەگەڵ حزبەکانی تر... بەڵام چ لە کۆبونەوەی لەگەڵ حزبەکاندا و چ لەدوای ڕیکەوتنی لەگەڵ بەغداش، پرسی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کورستان، موچەو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، ماف و ئازادییەکان، پرسی ئاییندەی سیاسی کوردستان... هیچ جێگایەکیان نەبوو، ئەمەش ئەو راستییە نیشان دەدات ریزی حزبەکانی بۆرژوازی کورد تەبا بیت یان ئاڵۆز، لەگەڵ بەغدا پەیوەندیان ئارام یان گرژ بێت... هیچ لەو راستیە ناگۆڕێت، کە بۆرژوازی کورد ناتوانێت لە ئاستی وەڵامدانەوە بە خواستە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت و هاوکاتیش ناتوانێت نارەزایەتی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە پێناو ماف و خواستەکانیدا پاشەکشە پێ بکات. لە هەمان کاتدا کۆبونەوەی جێگری سەرۆکی پارتی لەگەڵ حزبەکان، ناتوانێت ڕیگایەک بێت بۆ دەستەمۆکردنی نارەزایەتی جەماوەری لەڕێگای ئەو حزبانەوە کەخۆیان بەشێکن لە دەسەڵاتی دزی و تاڵانچی هەرێم.

لەگەڵ ئەوەدا خەڵکی کوردستان، باجی ململانێ و گرژی حزبە سیاسییەکانیان داوە و دەزانن ئەم حزبانە لەگەڵ یەکتریشدا ناتوانن ململانێیەکی شارستانی بکەن، و ئامادەن لەسەر دەسەڵات و دزینی زۆرتری داهاتی هاوڵاتیاندا، یان لە کێبەرکێیاندا بۆ خۆشخزمەتی بە وڵاتانی ناوچەکە کارەسات بخولقێنن. بەڵام هاوکات هیچ بڕوایەکیان بەم کۆبونەوانە نییە و دەزانن دەردێک لەهەزاران دەردی ئەم کۆمەڵگەیە تیمار ناکات و ئەم کۆبونەوەیەش کۆبونەوەی بێ ئاکامە.

**ناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٢١**

## لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

* بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

سەردار عەبدوڵا حەمە، شوانە حەسەن، ماریا کارگەر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر، خالید بایەزیدی، حەکیم میرزا، ئیبراهیم حسێن، سەردار عەبدوڵا...

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت سەبارەت بە"٣٣ هەمین ساڵیادی شاڵاوی ئەنفال"

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

# بژی یەکی ئایار، رۆژی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و نەفرەت لە نیزامی سەرمایەداری...

یەکی ئایار... رۆژی نەفرەتی چینی کارگەرە بەدژی ئەو نیزامەی کە دنیای کردۆتە دۆزەخ بۆ چینی کرێکار... یەکی ئایاری هەموو ساڵێک رۆژی نا وتن و رەتکردنەوەی ستەم و بێمافی هەزار سەری سەرمایەدارییە لەلایەن چینی کرێکارەوە... رۆژی نەفرەت و تورەیی چینێکە، کە ئەگەر ڕێکخراو و یەکگرتوو بێت، ئەگەر دەست بداتە راگرتنی چەرخەکانی بەرهەمهینان... دنیای سەرەوخواری ئیستا، رادەگرێت و هەڵدەگێرێتەوە.

یەکی ئایار ئەگەر بۆ هەموو چینی کریکار... لەسەراسەری دنیادا هەڵگری پەیامێکی هاوبەشی جیهانی بێت دژی نیزامی سەرمایەداری... ئەوا تایبەتمەندی ستەمی تایبەتی هەر وڵات و دەوڵەت و جغرافیایەک، بەدژی ستەم و بێمافییە تایبەتیەکانی هەرکام لەو وڵات و دەوڵەتانە... بەشیکە لەهەمان پەیامی سەراسەری چینی کریکار بە رووی سەرمایەداریدا... چینی کریکار لە کوردستاندا وەکو بەشیک لە ئۆردووە جیهانیەی چینی کرێکار... پێویستە لە یەکی ئایاردا، یەکگرتوانەو ڕێکخراو بێنە مەیدان... چەرخەکانی بەرهەم هێنان و سەرچاوەکانی کەڵەکەی داهات... لە شوێنی کاریاندا رابگرن... شوێنی کارو سەکۆ کۆبونەوەی ئاکسیۆنە ئاياریيەکان بکەنە... شوینێک بۆ نیشاندانی توانایی خەباتکارانەو گۆرەپانێک بۆ بریاردان لەسەر ریکخراوبوون و پیکهێنانی ڕێکخراوەی سەربەخۆی خۆیان و بەیانی داواو داخوازییە رەواکانیان... لە زیادکردنی موچەوە، بەپێی بازار و دانی بیمەی بیمەی بێکاری شیاو بۆ بێکاران و هینانی یاسای کاری پێشرەوی کرێکاریی کە سەرجەم ماف و داخوازییەکانی چینی کرێکار... لەخۆ بگریت...

یەکی کرێکار... رۆژێکی تایبەتە کە دەتوانێت ئاست و توانایی چینی کریکار و ئاستی ریکخراوبوونی ئەو چینە نیشان بدات... یان بکاتە شوێنێک بۆ بریاردان و ڕێکخراوبوون و هینانە گۆری داواو داخوازییەکانیان...

رابەران و هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیستی چینی کریکار و ڕێکخراوەکانی ئەو چینە، پیویستە هاوکات لەگەڵ هاوچینەکانیان لە دنیادا، لە ئیستاوە خۆیان بۆ پێشوازی لەیەکی ئایار ئامادەبکەن و یەکی ئایار بکەنە رۆژێک بۆ رۆژی نا وتنی گشتی و ڕێکخراو و رۆژێک بۆهێنانە مەیدانی داخوازییە سەرەکی و مافە پایماڵکراوەکانیان... بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ئێستای گیرۆدە بە کۆرۆنا ڤایرۆس و پەیڕەوی کردن لە ڕێنماییە تەندروستیەکان.

## بژی یەکی ئایار





دوا وتە

# کۆبونەوەی بێ ئاکام!

**عەبدوڵا مەحمود**

سەرەتای ئەم مانگە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ژێر چەتری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، بانگهێشتی حزبە سیاسیەکانی کرد بۆ کۆبونەوەیەکی هاوبەش. لە ٨ مانگدا کۆبونەوەکە بە بەشداری زوربەی زۆری کەسی یەکەمی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەسترا. هەموو حزبە سیاسییەکان بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەشداری کۆبونەوەکەیان کرد، بەمەش ملکەچی خۆیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم!!، و پارتی دەرخست.



دوای ڕێکەوتنی هەرێم و بەغدا لەسەر پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان، پارتی خۆی بەسەرکەتوو زانی و وەکو وەرگرتنی تاجی شاهانە!! تەماشای ئەم پرسەی کرد. هاوکات یەکێتیش کە سەرۆکی وەفدی دانوستاندکار لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی بەغدا بوو، خۆی بەلایەنێکی گرنگ لەو سەرکەوتن و بەدەستهێنانی تاجی شاهانەیەدا دەزانی. حزبەکانی تریش لەژێر ناوی هاوڕایی لەسەر پرسە نیشتیمانی و نەتەوەیەکاندا!! گەیشتنی وەفدی هەرێم بە ڕێکەوین لەگەڵ بەغدایان، بە وێنەی سەرکەوتنێکی گرنگ تەماشا دەکرد، بۆیە هەموویان بە میداڵی سەرکەوتنەوە بەرەو پیری کۆبونەوەی سەرۆکایەتی هەرێم!! رۆشتن. ئامانجی هەرکام لەو حزب و لایەنە سیاسیانەش بۆ بەشداری لەو کۆبونەوەیەدا، بۆ خستنەڕووی دڵسۆزی و نمایشکردنی بەشداریکردنیان بوو لە جێگیرکردنی بودجەدا. لەو راستایەشدا چاوەڕوانی بەشداری سیاسی زیاتر لە پرۆسەی سیاسی هەرێم و لەهەمان کاتدا چاوەروانی بەشی زۆرتر لە داهاتی هەرێم و بودجەن.

پارتی بە وێنەی حزبێکی پاوانخواز و خاوەن بریاری سیاسی لەسەر ئاستی هەرێم و لەپەیوەند بە بەغداش کە هەڵگری خەت و ئەجندای سیاسی رۆشنی خۆیەتی، جێگیرکردنی پشکی بودجەی هەرێمی بە سەرکەوتنێکی میژووی خۆی تەماشاکرد، بۆیە لە پێگەی هێزێکی سەرکەتوو وە پێداگر لەسەر خواستەکانی بۆرژوازی کورد بانگەوازی کۆبونەوەی حزبەکانی کرد، تا لەو ڕێگایەوە هەم توانستی خۆی بە حزبەکان نیشان بدات و هەمیش بانگەوازیان بکات، بۆ کردنەوەی دەورەیەکی نوێ لە پەیوەندیەکانیان و کەمکردنەوەی گرژییە بەردەوامەکان، بە تایبەتیش کەمکردنەوەی گرژی لەگەڵ یەکێتی و گۆڕاندا، کە هاوبەشن لە حکومەت کارتۆنی و لە دنیا واقعیشدا خاوەنی دەسەڵاتی زۆنێکی تایبەتی هەرێمن.

ساڵ و نیوی ڕابردوو، دەورەیەکی تایبەت لە پەیوەندی و گرژی نێوان حزبەکان بوو. لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی...

بۆ لاپەڕە 11